# گرنگی پلاندانان بۆ ڕووماڵکردنی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

## کەناڵی ئاسمانی ڕووداو بە نموونە

## (توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە)

عوبەید سوبحی عوبەیدوڵلا　　　پ.ی.د.سامان جەلال
obeyd984@gmail.com　　　saman.mawlood@su.edu.krd
بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین/ هەرێمی کوردستان

**پوختە:**

ئێستا ژمارەیەک کەناڵی ئاسمانی کوردیی هەواڵیمان هەیە، ڕۆژانە ڕووماڵکردنی ڕووداو و پێشهات و هەواڵەکانمان بەرچاو دەکەوێت، ئەم کارکردنە بەبێ ئامادەکاری پێشوەختە و پلاندانان ئەستەمە ڕووماڵێکی باش و کاریگەر و هەواڵێکی باش بەرهەم بێت، ئەم ئامادەکارییە کاری ڕۆژانەی ستافی بەشی پلاندانانە لە ژووری هەواڵی کەناڵە هەواڵییەکان.

لەم توێژینەوە تیۆرییەدا بە ناونیشانی ( گرنگی پلاندانان بۆ ڕووماڵکردنی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا) هەوڵم داوە گرنگی و کاریگەری بەشی پلاندانانی کەناڵی ئاسمانی ڕووداو لە ئامادەکاری پێشوەختە بۆ ڕووماڵکردنی پێشهات و ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکان و بەرهەمهێنانی هەواڵ ڕوون بکەمەوە، بۆیە لەم گۆشەنیگایەوە کێشەی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە تا چەند بەشی پلاندانان کاریگەری لەسەر ڕووماڵێکی باشی پێشهات و ڕووداوەکان و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی هەیە،

هەروەها دانانی پلانی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان و هەڵسەنگاندن و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلان چین؟

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، زانینی شێواز و چۆنێتی کارکردنی ڕۆژانەی بەشی پلاندانانی کەناڵێکی هەواڵییە بۆ ڕووماڵی ڕووداوەکان.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، بزاڤێکی ئەکادیمی بۆ شرۆڤەکردن و باسکردنی پەیوەندیی نێوان بەشی پلاندانانی ژووری هەواڵی کەناڵێکی ئاسمانی و ڕووماڵکردنی پێشهات و ڕووداو و هەواڵەکان.

چەند دەرئەنجام لەم توێژینەوەدا دیاربوون؛ لەوانەش، پلاندانانی کەناڵی ڕووداو بۆ ڕووماڵی ڕۆژانەی پێشهات و هەواڵەکان، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبووە لەسەر باشترکردنی توانای کەناڵەکە بۆ کێبڕکێکردنی کەناڵەکانی دیکە و هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبووە لەسەر باشترکردنی ئەدای کەناڵەکە.

**وشە سەرەکییەکان:** پلانی ڕاگەیاندن، ڕووماڵکردنی هەواڵ، کەناڵە ئاسمانییەکان.

## پێشەکی:

پلاندانانی میدیایی لەوکاتەوە پەیدابووە کە میدیا بەشێوەیەکی بەرچاو سەری هەڵدا، لێ لەگەڵ پەیدابوونی میدیای تایبەتمەند و ڕکابەری نێوان کاریگەری و زوو گەیاندنی پەیام لەسەر بینەر، وەرگر و خوێنەر، زیاتر گرنگی بە پلانی میدیایی دراوە، کە وای لێهاتووە، تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان بەشی پلانی هەواڵیان جیاکردووەتەوە لەگەڵ بەشی پلانی گشتیی تەلەڤزیۆنەکە، بۆیە پلاندانان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێشخستنی بواری میدیایی لە ڕووی ناوەڕۆك و سەرچاوەکانی و بوونی کادیری بەتوانا و پسپۆر بۆ چۆنێتی کارکردن و گەیاندنی پەیامەکانیان بە باشترین شێوە و کەمترین تێچوو.

پلاندانانی هەواڵی، کاری پێشوەختەی پەیامنێر، کامێرامان، پرۆدیۆسەر، هەواڵساز و بێژەر و تەکنیککاریش گەلێک ئاسان دەکات و بەرچاوڕوونیشی دەداتێ، بۆیە کە پێشوەختە زانیمان چی دەکەین، ئەوکاتە کاریگەریی پەیامیش لەسەر وەرگر باشتر دەبێ، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارەدا گرنگە و لەم توێژینەوەیەدا لە ژێر ناوی ( گرنگی پلاندانان بۆ ڕووماڵکردنی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا) لە ژێر ڕای پسپۆرانی ئەم بوارەدا کردووە، ڕۆڵ و گرنگیی پلانی هەواڵی بۆ ڕووماڵکردنی پێشهات و ڕووداوەکان ڕوون بکەمەوە، لەم توێژینەوەدا کە میتۆدی وەسفی و ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهاتووە، لە سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم؛ چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت. بەشی دووەم؛ چەند بابەتێکی پەیوەست بە پلان و پلانی میدیایی لە خۆ گرتووە وەکو چەمک و پێناسەی پلان، پلانی میدیایی و ڕووماڵی هەواڵی و تایبەتمەندی و گرنگیی پلاندانان و پلانی تەلەفزیۆنی ڕووداو باسم کردووە کە بە چ میکانزم کاردەکەن و ئامادەکاری ڕووماڵ و بەرهەمهێنانی هەواڵ دەکەن.

لە کۆتاییشدا لە بەشی سێیەم؛ دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم
## چوارچێوەی زانستی توێژینەوە

### ١- کێشەی توێژینەوە:

هێشتا ڕۆڵی پلاندانان و ڕێکاری کارکردنیان لە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردیدا بەتایبەتی ئەو کەناڵانەی، کە ناسنامەیان سیاسییە و هەواڵیان هەیە بۆ ڕووماڵکردنی پێشهات و ڕووداوە پێشبینیکراوەکان و بەرهەمهێنانی هەواڵ، هێشتا ڕوون و دیار نییە کە تا چ ڕادەیەک سوودیان لێ وەرگرتووە، بۆیە لەم گۆشەنیگایەوە کێشەی ئەم توێژینەوە بریتی دەبێت لەوەی تا چەند بەشی پلاندانان کاریگەری لەسەر ڕووماڵ و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵەکانی ئاسمانیی کوردیدا هەیە، هەروەها ناردنی بیرۆکەی کاری ڕۆژنامەڤانی و دانانی پلانی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان و هەڵسەنگاندن و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلان چین؟

### ٢- گرنگی توێژینەوە

**یەکەم:** گرنگی لایەنی زانستی توێژینەوەکە دەچێتە بواری پسپۆریی ڕاگەیاندن، بەشی تەلەڤزیۆنی، لەبەرئەوەی هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ خستنەڕووی میکانیزمی کاری بەشێکی گرنگی ڕۆژانەی کەناڵێکی ئاسمانی هەواڵی کوردی کە ئەویش بەشی پلاندانانە، لەبەرئەوەی نهێنی سەرکەوتنی تەلەڤزیۆن و بەردەوامبوونیان لە بەهێزی و هوشیاری پلاندانەرانی بەشی پلاندانانی کەناڵەکەدایە، بۆیە لە هەرێمی کوردستاندا یەکەم جارە هەوڵێکی تیۆری و شیکاری دەدرێت بەمەبەستی زانینی میکانیزمی کارکردنی بەشی پلاندانانی کەناڵێکی هەواڵی و چۆنێتی دانانی پلانی ڕۆژانەیان بە تایبەت ئامادەکاری پلاندانانی پێشوەختەی ڕووماڵکردنی ڕووداوێکی پێشبینیکراو و بەرهەمهێنانی هەواڵ، لەوەش زیاتر ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلان

لە کاتی جێبەجێکردندا هەر لە ڕوانگەی جێبەجێکارانەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەمەش هاوکار دەبێت لەوەی ئاسانتر چارەسەر بێت.

**دووەم:** ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ ئەو ڕۆژنامەڤانانەی لە تەلەڤزیۆن کاردەکەن و زیاتر بۆ ئەوانەی لە ژووری هەواڵ کاردەکەن، هەروەها ستوونی سەرەکی جێبەجێکردنی مەیدانی بیرۆکەی هەواڵی کە پەیامنێرە، لەگەڵ ئەوانەی دەیانەوێت لە بەشی پلاندانانی کەناڵێک کاربکەن یان بیانەوێت کەناڵێک بەڕێوەببەن و پلاندانەری باشی دەزگایەکی میدیایی هەواڵی بن، چونکە میکانزمی کارکردن، بەربەستەکانی بەردەم ئامادەکردن و نووسینی پلانێکی ڕوومالّی پێشهاتەکان و بەرهەمهێنانی هەواڵ بە گشتی دەخاتەڕوو و پەیوەندیی نێوان بەشی پلاندانان و بەشەکانی دیکەی ناو ژووری هەواڵ بەرچاو دەکات.

بێگومان ڕوومالّێکی باشی تەلەڤزیۆن کاریگەری لەسەر هوشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی بینەر هەیە.

**٣- پرسیارەکانی توێژینەوە**

**بە ئامانجی شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی کێشەی توێژینەوە، توێژەر کۆمەڵێك پرسیاری خستووەتە ڕوو:**

١- ئایا پلاندانەرانی بەشی پلاندانان، چۆن ئامادەکاریی پێشوەختەی دانانی پلانی ڕوومالّی ڕووداوە پێشبینیکراوەکان و بەرهەمهێنانی هەواڵی بۆ تەلەڤزیۆن دەکەن؟

٢- میکانیزمی بەشی پلاندانان لە کەناڵێکی هەواڵی بۆ ئامادەکاری پێشوەختەی پلانی ڕوومالّکردنی بابەتێکی پێشنیازکراو و چاوەڕوانکراو چۆنە؟ لە هەرسێ قۆناغی ناردنی بیرۆکە، وەرگرتن، هەڵسەنگاندن و دەوڵەمەندکردن و لەگەڵ جێبەجێکردنی پلان.

٣- کێ و چین ژێدەری سەرەکی بیرۆکەی دانانی پلانی ڕۆژنامەڤانی پلاندانەران و زیاتر پشتبەستنیان لەسەر چییە؟

٤- ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکارانی پلان چین؟

**٤- ئامانجەکانی توێژینەوە**

١.تا چەند پلاندانانی پێشوەختە بۆ ڕووماڵی پێشهات و هەواڵەکان ڕۆڵی هەیە لە ئەنجامدانی ڕووماڵێکی باش و سەرکەوتوو، هەروەها کاری ڕۆژنامەڤانی و بیرۆکەی ڕووماڵی پێشهات و بەرهەمهێنانی هەواڵی لە بەشی پلاندانان لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداوی هەواڵی لە هەرێمی کوردستانی ئیراق-دا چۆن ئامادە دەکرێت و ئامادەکاری پێشوەختەی ئەو بەشە چۆنە؟

٢.زانینی ئەوەی کە تا چەند ڕۆژنامەنووس گرنگی دەدەن بە بەشی پلاندانان و دەستەڵات و شێوەی کارکردنی ئەم بەشە چۆنە؟

٣.دیاریکردنی میکانیزمی کارکردن لە بەشی پلاندانان و کۆبوونەوەکانی پلاندانان لە ژووری هەواڵی تۆڕی میدیایی ڕووداو.

٤.بە گشتی چۆن بە هەر سێ قۆناغەکانی کاری پلاندانان ئاشنا دەبین، یەکەمیان کە بیرۆکەی کاری ڕۆژنامەڤانی بۆ بەشی پلان دەنێردرێن، دواتر چۆن وەردەگیرێن و ئامادە دەکرێن. دووەم: چۆنێتی هەڵسەنگاندن و دەوڵەمەندکردنی بیرۆکەکان لەلایەن پلاندانەرانەوە. سێیەم: بڕیاردانی کۆتایی لەسەر چۆنێتی ئەنجامدانی بیرۆکە بە مەبەستی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان و بەرهەمهێنانی هەواڵەکان.

**٥- جۆر و ڕێبازی توێژینەوە**

جۆری ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، بۆ گەیشتن بە داتا و زانیارییەکان، ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهاتووە، کە یەکێکە لە ڕێبازە زانستییە

بەربڵاو و بەکارهاتووەکانی توێژینەوە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، لە نێویشیان توێژینەوەکانی بواری میدیایی.

**٦- کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە**

کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لەو ڕۆژنامەڤانانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییان لەگەڵ بەشی پلاندانان و ژووری هەواڵی تەلەڤزیۆنی ڕووداو هەیە، چ ئەوانەی لە بنکەی سەرەکی لە شاری هەولێر، یان ئەوانەی وەک پەیامنێر و بەڕێوەبەرانی ئۆفیسەکانی ڕووداو لە دەرەوەی سەنتەری شار کاردەکەن.

سامپڵی توێژینەوە بریتییە لە 84 ڕۆژنامەڤانانی ڕووداو کە بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەری بەشەکانی ژووری هەواڵی ڕووداو، بەرپرسی دێسکەکان، پرۆدیۆسەری هەواڵ و بەرنامەکان، هەواڵساز، بێژەر و پەیامنێر بە شێوەی سامپڵی مەبەستدار و شامل لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەستنیشان کراون.

**٧- کەرەستەکانی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا بەمەبەستی کۆکردنەوە و دەستخستنی زانیاری سوود لە کەرەستەکانی وەکو: فۆرمی ڕاپرسی، هەڤپەیڤین، سەرنجدان و تێبینی، بەرنامەی ئاماری SPSS وەرگیراوە.

**٨- دیاریکردنی چەمکەکان:**

**١- پلاندانان:** مەبەستمان بەشی پلاندانانە بە گشتی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی، ئەگەر وردتر بینەوە لەسەر ئەم چەمکە زیاتر مەبەستمان بەشی پلاندانانی هەواڵییە لە تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکانی کوردی هەواڵی، کە هەڵدەستن بە نووسین و ئامادەکردنی پێشوەختەی بیرۆکەکان و زانیارییەکان کۆدەکەنەوە و

ئاراستەی کارکردن بۆ ڕووماڵی ڕووداوێک دیاری دەکەن، کە کەناڵەکان مەبەستیانە ڕۆژی دواتر یان چەند ڕۆژی دیکە ڕووماڵی بکەن.

**٢- ڕووماڵکردنی هەواڵەکان:** ڕووماڵکردنی پێشهات و ڕووداوەکان و بەرهەمهێنانی هەواڵەکانە لە گەشتەکانی تەلەڤزیۆنیدا کە پێشتر ئامادەکاری پێشوەختەی لەلایەن بەشی پلاندانانەوە بۆ کراوە.

**٣- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:** مەبەست لێی ئەو کەناڵە ئاسمانییانەن کە بە کوردی پەخش دەکەن و ڕووماڵی پێشهات و هەواڵەکان دەکەن.

## بەشی دووەم
## پلاندانان و ڕووماڵکردنی هەواڵ

### تەوەری یەکەم: پلانی ڕاگەیاندن و پلانی هەواڵی

#### ١- چەمک و پێناسەی پلاندانان:

**- لە ڕووی چەمکەوە:** پلاندانان ئەو پرۆسەیەیە، کە کۆمەڵێک گریمانە لە خۆی دەگرێت لەبارەی دۆخی داهاتوو، ئەم پلانەش ئامانجە خوازراوەکان دیاری دەکات کە کار بۆ گەیشتنی دەکرێت، لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەگەڵ بوونی تواناکانی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە و چۆنێتی بەکارهێنانی توانا و لێهاتوویيەکان بۆ ئەم مەبەستە. **(النمر،94،2001)**

پلاندانان پرۆسەیەکە کۆمەڵێك ستراتیژیەت لەخۆی دەگرێت بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو، کە ڕێگا بدات بە دەرکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکان لەبارەی ئایندەوە و گەیشتن بە مەبەست و ئامانجی دیاریکراو لە ڕۆشنایی ئەم ئامانج و ستراتیژییەتانەوە. **(المنقارة، 1996، 109)**

چەمکی پلاندانان بەپێی فەرهەنگی سیاسی ئەوها باسکراوە کە" پلاندانان وەک خودی وشەکە نیشانی دەدات، واتە دانانی پلان، یان بەرنامەیەک بۆ ئەوەی لە داهاتوودا و لە ماوەیەکی دیاریکراودا پەیڕەو بکرێت".

#### ٢- پلاندانانی ڕاگەیاندن:

پلاندانانی ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئێستامان زۆر گرنگی پێدەدرێت، ئەویش بەهۆی بوونی کێبڕکێ لەنێوان تێکڕای دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، بەمەش جۆرێك لە کارکردنی بەردەوامی دروستکردووە لەم بوارە، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و دەرکەوتنی کەناڵە ئاسمانییەکان و پێشکەوتنی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بەخۆیەوە بینیوە و کاری تێکردوون و وایکردووە هەریەکەیان پلان و نەخشەی خۆی هەبێت، تاوەکو بتوانێت بە کەمترین ماوە ئامانجەکانی خۆی

بپێکێ، جا هەموو ئەو پێشکەوتنانەی ڕوویان لەم بوارە کردووە، وایکردووە کاری پلاندانان ببێتە ئەرکی گرنگ و حەتمی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و هاوشانیکردنی پێشکەوتنەکانی سەردەم بۆ گەیاندنی پەیامەکانی خۆیان بە جەماوەر، وەکو دیارە پلاندانان لە ڕاگەیاندن ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی زانستی کە تێیدا گرنگی بە توانا ماددی و مرۆییەکان دەدرێت و چوارچێوەی سیاسەتی ڕاگەیاندنەکە هەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکانی دەدرێت.

بۆیە پلاندانانی ڕاگەیاندن چەندین پێناسەی بۆ کراوە و هەریەك لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسەی کردووە لەوانە:

سەعد لەبیب، پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن لە وردترین پێناسەکانی پلاندانانی ڕاگەیاندندا دەڵێت: بریتییە لە بەکارخستنی توانا مرۆیی و مادییەکان کە لەماوەی پلانەکە دەستەبەر دەبێت لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕاگەیاندندا، لەگەڵ بەکارهێنانی دروستی ئەم توانا و لێهاتووییانە. (عدلی، ٢٠٠٨، ١٣٠)

پرۆسەی پلاندانانی ڕاگەیاندن بریتییە: لە چەند قۆناغێك بە ڕەچاوکردنی سیماکانی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی بۆ دانانی نەخشە و پلانی تایبەت بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەجۆرێك ئەم پلانە نەخشەرێگایەکی ئاسان و کورتکراوەیە لەسەر بنەمای زانستی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراوی دامەزراوەکە. (بلقاسم، ٢٠١٠، ١)

### ٣- گرنگی پلاندانان لە ڕاگەیاندن:

پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ئایا ئێمە پێویستمان بە پلاندانانی ڕاگەیاندن هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ! بوونی پلاندانان نەك هەر لە ڕاگەیاندن، بەڵکو هەموو بوارەکانی ژیان گرنگی تایبەتیی خۆی هەیە، پلاندانان زۆر پێویستە هەبێت پێش ئەنجامدانی هەر کارێك، جا سەرەڕای گرنگیی ئەم پرۆسەیە زۆرێك لە

میدیاکان بەداخەوە پلانێکی ئەوتۆیان نەبووە بۆ کارەکانیان، بۆیە زۆر بە زوویی دەرگاکانیان بەڕوودا داخران. (عبدالهادی، ۲۰۱۱، ۷)

ئەگەرچی پلاندانانی میدیایی پێویستی بە ماندووبوون و سەرفکردنی تواناکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوودێکی زۆری دەبێت بۆ خودی ڕاگەیاندن هەر بۆیە دەتوانین گرنگییەکەی لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە، ئەوانیش:

۱- پلاندانان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێشخستنی بواری ڕاگەیاندن لە ڕووی ناوەڕۆك و سەرچاوەکانی و بوونی کادیری بەتوانا و پسپۆڕ و کەسانی شارەزای کارگێڕی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و ئاسانکردنی پێشکەوتنەکانی سەردەم لە ئامێر و پێداویستییەکان و چۆنێتی کارکردن و گەیاندنی پەیامەکانیان بە باشترین شێوە.

۲- یارمەتی ڕاگەیاندن دەدات کە ئامانجەکان ڕوون بێت و دووربێ لە شاراوەیی و نادیاری، تاوەکو کادیرانی ناو دامەزراوەکە بتوانن بەرچاویان ڕوون بێت لە جێبەجێکردنی تەواوی پلانەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو. (یوسف، ۲۰۱٤، ٤۲)

۳- پلاندانان لە ڕاگەیاندندا کاردەکات بۆ زەقکردنەوەی ئامانجەکانی دامەزراوەکە، بەمەش هەموو ستافی کەناڵەکە پێکەوە کار بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانە دەکەن.

٤- پلاندانان یارمەتی لیژنەی ڕاگەیاندن دەدات، کە بتوانێت باشترین سەرچاوەکانی ماددی و مرۆیی دەستەبەر بکات، تا لە ڕێگەیانەوە بە ئاسانی بگاتە ئامانجەکانی.

٥- پلاندانان ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ئاشکراکردنی ئەو ڕووداوە نەخوازراو و کۆسپانەی، کە ئەگەری هەیە بێنە ڕێگەی پرۆسەکە و کاردەکات

بۆ لابردنی یاخود کەمکردنەوەی کاریگەرییەکەی.

٦- پلاندانان ڕۆڵی لە دروستکردنی چاودێری بەسەر کارەکانەوە هەیە، ئەمەش وا دەکات ڕەوتی کارەکان بە باشی بڕۆن و بە کەمترین کات ئامانجی خوازراوی دامەزراوەکە بێتەدی. (محسن و ابو سعد، ٢٠٢٠، ٢٤٦)

٧- دیاریکردنی نەخشە و بنەماکانی کارکردن کە دەزگا میدیاییەکە لەسەری بڕوات تاکو بتوانێ لە ڕێگەی ئەو ستراتیژییەت و بنەمای کارکردنە، پەیام و دیدگای بەدەست بهێنێت، لەلایەکی ترەوە گەیشتن بە ئامانجەکان و مەودای دروستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەرەکەی.

٨- پلاندانان یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە دیاردەی بێ بەرنامەیی یان پڕکردنەوەی میدیا بە بەرنامەی بێ بنەما، ئەمەش وادەکات میدیا نەتوانێ بگاتە ئامانجی خۆیی و کاتێکی زۆر بەفیڕۆ بدات و سەرچاوەکان بە تەواوی بپووکێنەوە، بەڵام بوونی پلانی تۆکمە و نەخشە بۆداڕێژراو، ڕاگەیاندنەکە ڕزگار دەکات و وای لێدەکات بتوانێ بە تەواوی سوود لە سەرچاوەکانی خۆی وەربگرێت بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی.

٩- پلاندانان دەبێتە هۆی دیاریکردنی چوارچێوەی کارکردن، هەموو پێوەی پابەند دەبن لەوەی چی بکرێت و چۆن بکرێت و کەی بکرێت؟ ئەمەش زیادەڕۆیی و کەمتەرخەمی لە کارەکان کەم دەکاتەوە و هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی کارەکە و گەیشتنە بە ئامانجەکەی.

١٠- پلاندانان ڕۆڵی هەیە لە دابەشکردنی کارەکان و هاوئاهەنگیی نێوان کارەکان و دابەشکردنی ڕۆڵەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو و جۆرێك لە گونجان و سازان دروست دەکات لە نێوان ستافەکە، ئەمەش ڕێگەیەکی زۆر گرنگە بەهۆیەوە ڕاگەیاندنەکە دەتوانێ سەرکەوتووبێ لە پرۆژەکەی و پەیامەکەی بگاتە جەماوەر و ئامانجەکانی خۆشی بەدی بهێنێت.

### ٤- تایبەتمەندییەکانی پلانی ڕاگەیاندن:

١- بەردەوامی:

پلانی ڕاگەیاندن پرۆسەیەکی بەردەوامە و کۆتایی پێنایەت، بەجۆرێك لەرێگەی ئەم پلانەوە ڕاگەیاندن پلانی خۆی دیاری دەکات و لەسەری پرۆگرامەکانی خۆی بۆ ئەو ماوەیە دیاری دەکات کە بەپێی پلانەکەی داڕشتووە، پێویستە لەسەر ڕاگەیاندن پێداگری لە پلانەکانی بکات تاوەکو بەهۆیەوە بگاتە ئەو ئامانجەی بۆ خۆی دیاری کردووە، سەرەڕای ئەوەش پێویستە بە دواداچوون و پێداچوونەوە بۆ ئەو پلانە بکرێت تاوەکو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە دیاری بکرێت، کە ئەگەری هەیە ڕووبەڕووی پلانەکە ببێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕێگاچارەی بۆ دیاری بکرێت لە پلانی داهاتوویاندا ڕەچاوی ئەو بەربەستانە بکەن، هەروەها پێویستە کاریگەری ئەو پلانە دیاری بکرێت لەسەر پرۆگرامەکانی کەناڵەکە تاوەکو بتوانرێت گۆڕانکاری بکرێت لە ئەگەری بوونی هەر هەڵەیەك، ئەویش لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجانەی کە کەناڵەکە بۆ خۆی دیاری کردووە و دەیەوێت لە داهاتوودا پێی بگات و پێشوەختە کاری لەسەر بکات. (معروف، ٦٢)

٢- گرنگیدان بە داهاتووی دامەزراوەکە:

پلاندانان هەمیشە گرنگی دەدات بە داهاتووی دامەزراوەکە، ئەویش لەرێگەی پشتبەستن بە جێگرەوەکان یان پلانە پێشنیازکراوەکان، ئەویش لە پێناوی دۆزینەوەی باشترین جێگرەوە یان باشترین بژاردە تاوەکو جێبەجێ بکرێ و داهاتووی دامەزراوەکان دیاری بکات، بەپێی ئەو سەرچاوە زانیارییانەی کە بەردەستن، هەروەها پێشبینیکردنی ئەو ڕووداوانەی ڕووبەڕووی دامەزراوەکە دەبێتەوە، لە ئێستا و داهاتوودا تاوەکو بتوانرێ بڕیاری ڕاست و دروستی لەبارەوە بدرێت، لەئەگەری ڕوودانی هەر ڕووداوێك کە هەڕەشە لە ئایندەی دامەزراوەکە بکات.

٣- گشتگیریی پلاندانان:

پلاندانان هەموو بوارەکانی چالاکی لە دەزگاکەدا دەگرێتەوە و سنووردار ناکرێت بۆ هەندێک لایەنی دیکە، چونکە پرۆسەی پلاندانان پێکهاتنێکی تەواوی پلانەکان لە ئاستە جیاوازەکانی کەناڵەکە ئەنجام دەدات، ئەو پلانە پێویستە گشتگیربێت و سەرجەم پرۆگرامەکانی ناو کەناڵ بگرێتەوە بەشێوەیەك کە پلانەکە هەمەلایەن بێت و تەواوی کارو چالاکییەکانی کەناڵەکە بگرێتەوە.

٤- نەرمی پلاندانان:

پێویستە پلانەکە نەرم بێت و نەرمی واتە توانای پلانەکە بگۆڕدرێت لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی نوێ و گۆڕانکاریی داهاتوو، کە لەکاتی پلاندانان و ئامادەکردنی پلاندا ڕەچاو نەکرا، نەرمی پلان وا دەکات لە ئەگەری بوونی هەر هەڵەیێک یان کێشەییێک، ستافی کەناڵ یان پلاندانەر بتوانن گۆڕانکاری تێدا بکات و چارەسەری ئەو کێشانە بکەن کە ڕووبەڕووی پلانی کەناڵەکە دەبێتەوە (یوسف٢٠١٤، ٤٨)

٥- نهێنیبوونی پلانەکە:

پلانەکە دەبێت نهێنی بێت بۆ ئەوەی تەنها ئەو کەسانەی کە جێبەجێی دەکەن ناوەڕۆکەکەی بزانن، پێویستە کەناڵەکە نهێنیی پلانەکانی بپارێزێت و بەردەست نەبێت بە هەموو لایەك تاوەکو بتوانن کارەکانیان بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێك دەست وەربداتە نێو ئەو پلانە.

٦- بەرپرسیاریەتی پلاندانان:

لەوانەیە بەرپرسیارێتی پلاندانان بکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەری باڵای دەزگای ڕاگەیاندن کە سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی یان بەڕێوەبەری گشتی بەهاوکاری یاریدەدەران و ڕاوێژکارەکانی پلانی گشتی یان پلانی لاوەکی پەرەپێبدات، چونکە سەرکەوتن و شکستی هەر پلانێکی ئەرکەکەی دەکەوێتە

ئەستۆی ستافی کەناڵ بۆیە پێویستە بەرپرسیارانە کەناڵ بەرامبەر پلانەکانی خۆی کارەکانی بکات . ( عبید،٢٠١٤)

**٥- سەرچاوەکانی پلانی ڕاگەیاندن:**

بەشێوەیەکی گشتی، سەرچاوەکانی پلانی ڕاگەیاندن یان پلانی هەواڵ، بریتییە لەو سەرچاوانەی یان ئەو هۆکارانەی، کە بەهۆیەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەواڵی جۆراوجۆریان دەستدەکەوێت، ئەو سەرچاوانەش جێگای متمانەن و زانیاریی دروستن بە بەڵگەوە و بەداوداچوونی بۆ کراوە، پەیامنێر لەرێگەی پرسیارکردنەوە دەگاتە هەواڵەکان و ڕاستی و دروستی بۆ دەردەکەوێت، کە ئەمەش پشت دەبەستێت بە زیرەکیی کەسەکە و ئاڵۆزی و سادەیی هەواڵەکە. (عەلی، ٢٠٠٤، ٢٣-٢٤)

بۆیە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو سەرچاوانە دەکەین کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەواڵەکانیان لێ وەردەگرن، ئەوانیش:

**١- پەیامنێر:**

یەکێك لە سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی هەواڵ بریتییە لە پەیامنێر، ئەویش دوو جۆری هەیە؛ پەیامنێری ناوخۆیی و پەیامنێری دەرەکی، پەیامنێری ناوخۆیی ئەو کەسەیە لە ناوەوەی وڵات کاری کۆکردنەوی زانیاری و هەواڵەکانە. بەڵام پەیامنێری دەرەکی لە دەرەوەی وڵاتە کار بۆ کۆکردنەوە و گەیاندنی هەواڵەکانی دەرەوەی وڵات دەکات. بۆیە ڕاگەیاندنەکان پەیامنێرەکانی خۆیان لە سەرجەم شار و ناوچە و پایتەختەکان بڵاودەکەنەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکانی دەرەوە و ناوەوەی وڵات بە جەماوەر یان وەرگر. (البدراني، ٢٠١٥، ٥٢)

**٢- ئاژانسەکانی هەواڵ:**

هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن نییە لە جیهان کە پشت بە وەکالەتەکانی هەواڵ نەبەستێ، بەڵکو زۆربەیان پشتی پێ دەبەستن، وەکو سەرچاوەیەکی هەواڵ بەکاری دەهێنن، لەبەرئەوەی ئەم وەکالەتانە تۆڕێکی فراوانی پەیامنێرانیان هەیە لە وڵاتانی جیهان کە زانیاری و هەواڵی تەواوی ناوچەکان کۆدەکەنەوە و ڕەوانەی دەکەن، ئەوانیش چەند جۆرێکیان هەیە لەوانەش: ئاژانسی هەواڵی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی لە گرنگترین ئەو ئاژانسەی هەواڵیش: ئاسیۆشیتت پرێس، شرق الاوسط و ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی و ڕۆیتەرز و ینایتدپرێس ...هتد. (عبدالعزيز وصديق، ٢٠١٦، ٧).

**٣- کەناڵە ئاسمانییەکان:**

کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان دیسانەوە بە سەرچاوەکانی دیکەی هەواڵ هەژمار دەکرێن، لە ڕێگەیانەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەواڵی جۆراوجۆر وەردەگرن لەبارەی ڕووداوەکانی جیهان بەگشتی، ئەمەش کاتێك پێویستە کە کەناڵێکی ناوخۆیی بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵە جیهانییەکان پشتی پێ دەبەستن، بە تایبەت ئەو کەناڵە ئاسمانییانەی جێگای متمانەن و هەواڵی خێرایان هەیە، بەمەش ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکان دەیکەنە سەرچاوەی کۆکردنەوەی هەواڵە دەرەکی و جیهانییەکانیان، هەروەها ئەم کەناڵانە جەخت لەسەر هەواڵە سیاسی و ئابووری و وەرزشی و هونەری و ...هتد جیهانییەکان دەکەنەوە، بەمەش ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکان بە سەرچاوەیەکی باشی هەواڵی دەرەکی هەژماریان دەکەن. (ابراهيم، ١٩٩٨، ٣٨)

**٤- زانیاری و ڕاپۆرتە فەرمییەکان:**

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ دەستکەوتنی هەواڵ پشت بە زانیاری و ڕاپۆرتە فەرمییەکان دەبەستن کە لە لایەن دامودەزگاکانی حکومی یان ئەهلییەوە

دەردەچن و ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیان لەبارەی کار و چالاکییەکان بڵاودەکەنەوە، ئەمەش تەنها دەزگاکانی ناوخۆ ناگرێتەوە، بەڵکو دەشێ دامودەزگا دەرەکییەکان و هەرێمییەکان بگرێتەوە، ئەو زانیاری و ڕاپۆرتانەی بڵاوی دەکەنەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەوانیش وەکو ڕاپۆرتەکانی تەندروستی جیهانی یان نەتەوە یەکگرتووەکان یان دامەزراوە مەدەنی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ...هتد (البدراني، ٢٠١٥، ٥٥).

### ٥- کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی:

یەکێک لە سەرچاوەی پلاندانان ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەڤانیانەیە کە ئەنجام دەدرێن و ڕۆژنامەڤان سوودی لێ وەردەگرێت بۆ ئاراستەکردنی پرسیار و وەرگرتنی زانیارییەکان.

کە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی گرێ دەدرێت، زۆربەی جار پەیامنێر و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادە دەبن، جا ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە لە هەر چ بوارێك بێ سیاسی یا ئابووری یان وەرزشی یا هونەری...هتد پەیامنێرو ڕۆژنامەنووسان ئامادەی دەبن گوێ دەگرن و پاشان لە ڕێگەی دەستکەوتنی زانیارییەکان و پرسیار و چاوپێکەوتن زانیارییەکان کۆدەبنەوە و دەبنە هەواڵ. (عەلی، ٢٠٠٤، ٣٥)، لەسەر بنچینەی وەرگرتنی ئەو زانیارییە ڕۆژنامەڤان و پلاندانەران دەتوانن بیرۆکەی کاری ڕۆژنامەڤانی لێی ئامادە بکەن.

### ٦- بڵاوکراوە و دۆکیۆمێنتارییەکان:

دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشت بە کۆکردنەوەی هەواڵەکانیان دەبەستن بە بڵاوکراوە و دۆکیۆمێنتارییە جۆراوجۆرەکان، وەکو سەرچاوەیەکی هەواڵ ئەو بڵاوکراوەیە یان دۆکیۆمێنتارییە لەلایەن وەزارەتێکەوە بێت یان دامودەزگایەکی حکومی یان ئەهلییەوە بێت، ئەمەش پشت دەبەستێت بە بەهێزیی بابەتەکە یان

بڵاوکراوەکە کە بتوانێ سەرنجی جەماوەر بۆخۆی ڕابکێشێت، ئەویش وەکو بڵاوکردنەوەی ئاماری تایبەت بە ڕووداوێك یان بابەتێك یان بڵاوکردنەوەی بابەتێکی دۆکیۆمێنتاری لە بوارێك لە بوارەکانی ژیان، هەموو ئەم زانیارییانە بۆ خۆی دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ پاڵپشتیکردنی هەواڵەکانیان بەکاری دەهێنن. (الصالحی، ٢٠١٥، ٦٦)

**٧- بۆنە و ئاهەنگەکان:**

زۆرن ئەو بۆنە و ئاهەنگانەی لە وڵات و دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێن، چ لەلایەن دامەزراوەی حکومییەوە یان کۆمەڵگاکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکان ...هتد لە هەموو بوارە جیاوازەکان کە لەخۆیدا سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن. (ماکومز و ئەوانیتر، ٢٠١٢، ٨٩)

**٨- ناودار و کەسایەتییەکان:**

کەسایەتییەکان و ناودارەکان لە هەر چ بوارێکدا بن، سیاسی یا ئابووری یا سینەمایی یان کۆمەڵایەتی و ..هتد سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پەیامنێرەکان بەرەو ئەم کەسانە ئاراستە دەکرێن تاوەکو زانیاری دەربارەیان کۆبکەنەوە و وردەکاری و کارو چالاکییەکانیان بزانن و پاشان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان بڵاودەکرێنەوە. (الرفاعي، ٢٠٢٠، ١٥٧)

**٩- ئینتەرنێت:**

ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکێك لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی هەواڵ هەژمار دەکرێت کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ پشتی پێ دەبەستن، لەبەرئەوەی ئینتەرنێت زۆرترین سەرچاوە لەخۆی دەگرێت و پڕ لە زانیاریی جۆراوجۆر و ڕێژەی زۆری خەڵکی لێ کۆبووەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو سەرچاوەکانی تر ئاسانتر دەستدەکەوێت و خێراترە لە

گەیاندنی زانیارییەکان و بڵاوبوونەوەی و هەموو کەسێك بە ئاسانی دەستی پێدەگات، بەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەرهێنان و کۆکردنەوەی هەواڵ. (الجفیری، ٢٠١٥، ٢٦)

**١٠- سەرچاوەکانی دیکە وەکو:**

أ- لێهاتوویی و زیرەکیی پەیامنێر و ئامادەکاری هەواڵ و ناسینی بەرپرس و کەسایەتییەکان و ئاشنابوون بە دامەزراوە حکومی و ئەهلییەکان و ڕێکخراوەکان و ناوداران ...هتد

ب- ئەو لێدوان و وتانەی کە لایەنی بەرپرس لە هەواڵەکە یان بینەری یان گەواهیدەران یان کەسانی نزیك لە هەواڵەکە بڵاوی دەکەنەوە.

ج- سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای سەردەم وەکو مۆبایل و کامێرای چاودێری و دەنگ و ڕەنگ بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەواڵ و کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو لەسەر ڕووداوێك یان بابەتێك ...هتد کە ئەمەش بە سەرچاوەیەکی تری هەواڵ هەژمار دەکرێت. (عەلی، ٢٠٠٤، ٢٦)

بیرۆکەی کاری ڕۆژنامەڤانی بۆ پەیامنێر زیاتر ئاسان دەبێت ئەگەر زمانی دیکە بێجگە لە زمانی دایک بزانێت و ئەمەش بە خاڵێکی گرنگ بۆ ڕۆژنامەڤان و پلاندانەران دادەنرێت.

بۆ هەر کۆبوونەوەیەکی پلاندانان لە تەلەفزیۆنەکاندا، ئەم خاڵانەی سەرەوە هەموویان دەبنە سەرچاوەی بیرۆکە بۆ دانانی پلانی هەواڵی.

**باسی دووەم: چەمك و پێناسەکانی ڕووماڵکردنی هەواڵ**

**١- چەمکی ڕووماڵکردنی هەواڵ:**

ڕووماڵکردن ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە خستنەڕووی ڕاستییەکان و ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، بەمەش بیرۆکەیەك یان بیرکردنەوەیەك بۆ تاك دروستدەکات لەبارەی ئەو ڕووداوە یان ئەو بابەتەوە،

بەمەش ئاراستە و تێڕوانینیان سەبارەت بە کێشە و ڕووداو بابەتە چارەنووسسازەکانی کۆمەڵگا لا دروست دەبێت، بابەتەکە هەرچۆنێك بێت ڕووماڵکردنی کاریگەری و گرنگیی خۆی هەیە و کاریگەری دروستدەکات لەسەر تاك، ئەگەرچی ڕاگەیاندن و ڕووماڵکردن لە کۆنەوە بوونی هەبووە، بەڵام بەم شێوە پێشکەوتووەی ئێستا نەبووە بۆ ڕووداوەکان و جەنگەکان و کارەساتەکان ..هتد جا بەهۆی جەنگە زۆرەکانەوە پرۆسەی ڕووماڵکردن گەشەی سەندووە و گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، لە ڕێگەی ڕووماڵەوە زانیاری و ڕاستییەکان وەکو خۆی دەگاتە دەستی وەرگر، بەمەش دید و تێڕوانین و مەعریفەی بۆ دروست دەبێت لەبارەی ئەو ڕووداوە یان بابەتەوە، بۆیە زۆر پێناسەی جیاواز هەیە بۆ بابەتی ڕووماڵکردن، بەڵام ئێمە لێرەدا بەرچاوترین پێناسەکان دەخەینەڕوو ئەوانیش:

(نورس کلیف ١٨٧٠) پێناسەی دەکات و دەڵێت: بریتییە لە ورووژاندن و دەرچوون لەوەی کە لای خەڵکی باوە. هەروەها (جیرالد جونسون) پێناسەی کردووە دەڵێت: گواستنەوەی ڕووداوێك یان بابەتێکە کە بەلای جەماوەرەوە گرنگە و شایەنی بڵاوکردنەوەیە. (الحتو، ٢٠١٢، ٢٢)

هەریەك لە (عەبدوللەتیف حەمزە و ئەدیب خضور) پێناسەیان کردووە بەوەی: بڵاوکردنەوەی ئەو شتەیە کە لای جەماوەرەوە زۆر گرنگە و پەرۆشی ئەوەیە بیزانێت، بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات یان هەوڵ دەدات زانیاریی تەواوی لەسەر هەبێت تاوەکو ڕاستییەکانی بۆ ڕوون ببێتەوە. (الدليمي، ٢٠١٢، ٣٢)

**٢- ڕەگەزەکانی ڕووماڵکردنی هەواڵ:**

رووماڵکردنی هەواڵ بە تەواوی پشت دەبەستێت بە ماددەی هەواڵ و تێکڕای زانیارییەکانی کە لە ڕێگەی کۆمەڵێك سەرچاوەی تایبەتەوە دەستەبەر

دەکرێت، لەگەڵ گرنگیی پێداچوونەوەی زانیارییەکان و دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستییان، هەروەها زانیاری و سەرچاوە ڕاستەوخۆکان بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان، بناغەی سەرەکی ئامادەکردنی هەواڵ لەسەر پێکهاتەکانی دادەمەزرێت و دیارە بەبێ ناسینی ئەوان و ئاگادار نەبوون لە بایەخەکانی هەواڵی، ڕۆژنامەنووس بە تایبەت پەیامنێر ناتوانێت بۆچوونی پێویستی بۆ تێڕوانین لە ڕووداوەکان وەدەست بهێنێت و ناتوانێت ڕووداوەکان بەتەواوی و بێ ئاڵۆزی بگوازێتەوە، ئەم پێکهاتانە بریتین لە: کێ؟ کەی؟ لەکوێ؟ چی؟ بۆچی؟ چۆن؟

جا بۆ ئەوەی ڕووماڵکردنی هەواڵ سەرکەوتوو بێ و بگاتە ئامانجەکەی، پێویستە کۆمەڵێك ڕەگەزی سەرەکی لەخۆی بگرێت، ئەوانیش:

**یەکەم: ماددەی هەواڵەکە:**

لەکاتی ڕووماڵکردنی هەواڵ، پێویستە تێکڕای زانیارییەکان و ڕاستییەکان دەستەبەر کرابن، لەگەڵ وردەکارییە گرنگەکانی ڕووداوەکە، بەجۆرێك ببێتە ماددەیەکی گونجاوی هەواڵی، پاشان ئەم زانیاری و ڕاستییانە لەلایەن تیمی پلانی ڕووماڵکردنی هەواڵەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و تاوتوێ دەکرێت و پاشان بەشێوەیەکی ئەکادیمی داڕشتنەوەی بۆ دەکرێت تاوەکو ببێتە هەواڵ و بتوانێت جەماوەر ڕازی بکات بە ڕاستی و بەڵگەکانی ڕووداوەکە، جا ئەگەر هەرچەندە سەرچاوەکان زیاتر بێت و دڵنیایی بەرزتر بێت لەو زانیارییانەی دەستدەکەون ئەوەندەش کاریگەری دەبێت لەسەر قەناعەت پێهێنانی جەماوەر بە ڕاستی و دروستیی هەواڵەکە. (موسی، ٢٠١٢، ٦٨)

**دووەم: دڵنیابوونەوە لە سەرچاوەکان:**

پشتبەستن بە سەرچاوە ڕاستەوخۆکان و زیندووەکان؛ لە ڕێگەیانەوە دەتوانین زانیاریی تەواومان دەستبکەوێت لەسەر ڕووداوەکە، تایبەتی ئەوانەی

لە شوێنی ڕووداوەکە بوون یان گەواهیدەرەکان یان ئەو سەرچاوە ئەلیکترۆنییانەی وەکو کامێراکانی چاودێری هەموو ئەمانە کۆدەکرێنەوە، جا لێرە زۆر پێویستە تەواو دڵنیایی هەبێت لەو سەرچاوانە، پاشان کار لەسەر داڕشتن و بڵاوکردنەوەی بکرێت، وەکو هەواڵێکی گرنگ لە دەزگا ڕاگەیاندنەکەوە. بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی نێودەوڵەتی لە لایەن لیژنەی ئازادیی ڕاگەیاندنی سەر بە ڕێکخراوی یۆنسکۆ دانراوە و لە خولی چواردەهەمینی ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٥٢ دانی پیادانراوە و حوکمەکانی بە بەشێك لە یاسای گشتیی نێودەوڵەتی دادەندرێن، لە ماددەی یەکەمی ئەم بەڵگەنامەدا هاتووە"دەبێ کارمەندانی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن ئەوەی لە تواناياندایە بیخەنە گەڕ بۆ بەخشینی هەواڵی ڕاست و دروست بۆ جەماوەر و وەک یەک بێت لەگەڵ ڕووداوەکان، هەروەها دەبێ لە ڕاستیی ئەو زانیارییانەی کە بەدەستیان دەکەوێ بکۆڵنەوە و نابێ هیچ ڕووداوێکی گرینگ لەبیر بکەن یان ڕووداوەکان بەئەنقەست بشێوێنن." (اسماعیل، ٢٠١٩، ٣٩)

**سێیەم: دەقی هەواڵەکە یان ڕوونی:**

دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە سەرچاوەکانەوە و دەستکەوتنی وردەکاری ڕووداوەکە و پاشان داڕشتنەوەی دەقی هەواڵەکە دێت، ئەمەش ڕەگەزێکی گرنگی ڕووماڵکردنی هەواڵە، ئەوەی پێویستە ڕەچاو بکرێت لە داڕشتنی دەقی هەواڵەکە ئەوەیە کە مانادار و ڕوون بێت بۆ جەماوەر و تێگەیشتنی ئاسان بێت لەلایەن وەرگرەوە، هەر لەبەر ئەوە، پێویستە دەستەی پلاندانەری ڕووماڵکردنی هەواڵ بەشێوەیەکی بابەتیانە و بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا هەواڵەکە دابڕێژنەوە پێش ئەوەی لە ڕاگەیاندن بڵاو بکرێتەوە، چونکە تێگەیشتنی وەرگر لە هەواڵەکە و قەناعەت پێنەهێنانی کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە هەموو شتەکان لە شوێنی خۆیان بەکاربێن. (الحسین، ٢٠١٧، ٥١)

**٣- جۆرەکانی ڕووماڵکردنی هەواڵ:**

ڕووماڵکردنی هەواڵ چەند جۆرێکی هەیە؛ ئەوانیش بەپێی کات و ناوەڕۆك جیاوازن و هەریەکەشیان چەند جۆرێکی لێ دەبێتەوە ئەوانیش:

یەکەم: لە ڕووی کاتەوە:

ڕووماڵکردنی لە ڕووی کاتی ڕوودانیەوە یان ئەنجامدانیەوە دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر. ئەوانیش:

**١- ڕووماڵکردنی هەواڵی پێشوەختە :**

ئەم جۆرەیان کاردەکات لەسەر بەدەستهێنانی زانیاری و وردەکارییەکانی ڕووداوێك کە ئەگەری ڕوودانی هەیە، ڕووداوێك کە هێشتا ڕووی نەداوە بە ئاماژەدەرەکان ئەگەری ڕوودانی دەکەن، لێرەدا شوێنی ئەو ئامادەکارانە دەکەوێت و ڕووماڵێکی تایبەتی لەبارەوە دەکات، تاوەکو پێشوەختە زانیاریی تەواو کۆبکاتەوە و بگەیەنێتە وەرگر.

**٢-ڕووماڵکردنی هەواڵی تۆماری یان ڕاپۆرتی:**

ئەم ڕووماڵکردنە دوای ڕوودانی ڕووداوەکە دێت، کە ئەمەش تەواوکەری قۆناغەکەی پێشووترە، تێیدا چاودێری ئەوە دەکرێت کە ڕێڕەوی ڕووداوەکە وەکو ئەوە بووە کە پێشبینی کراوە.

**٣-ڕووماڵکردنی بەدواداچوون:**

لێرەدا ئەو زانیاری و ڕاستی و بەڵگانەی کۆکراونەوەتەوە و پێداچوونەوە و تاوتوێکردن و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، تا لە ڕاستیی ئەو ڕووداوە دڵنیابنەوە کە پێشتر ڕوویداوە یاخود ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوودەدەن لە ڕووداوەکە و لێکەوتەکانی و کاردانەوەکانی. (بوعیشة و هشام، ٢٠١٤، ٣١)

دووەم: ڕووماڵکردنی هەواڵ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

ڕووماڵکردنی هەواڵ لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە دیسانەوە ئەویش دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر ئەوانیش:

**١- ڕووماڵكردنی بێلایەن:**

لێرەدا پەیامنێر یان ڕۆژنامەنووس تەنها ڕاستییەكان دەخاتە ڕوو، بەواتایەكی دیكە ئەو ماددەیەی هەواڵی پوخت پێشكەش دەكات بەشێوەیەكی بابەتییانە و دوور لە لایەنگیری و بیروڕای كەسی، بەڵكو زانیارییەكان و ڕاستییەكان خۆی چۆنە لەبارەی ڕووداوەكە وەكو خۆی دەیخاتە ڕوو، بەبێ ئەوەی دەستكاری بكات یان زیادی بكات یان تێڕوانینی تری بخاتە سەر یان بابەتەكە بۆ لایەكی تر ببات. (الدليمي، ٢٠١٢، ٣٤)

**٢- ڕووماڵكردنی شیكاری:**

لێرەدا لەپاڵ ڕووداوەكە پەیامنێر یان ڕۆژنامەنووس دەست بە كۆكردنەوەی زانیارییە شیكارییەكان دەكات لەبارەی ڕووداوەكە، لە پێناوی شیكردنەوەی ڕووداوەكە و ئاشناكردنی بە وەرگر و ئاسانكاریكردن بۆیان، كە خۆیان دەرفەتی گەڕانیان نەبێ بۆ ئەم باسە، لە ڕووماڵكردنەكە ئاماژە بە كەشی ڕووداوەكە و دەوروبەرەكەی دەدرێت لەگەڵ باسكردنی هەندێك لایەنی ئابووری و سیاسی و ژینگەیی و كۆمەڵایەتی ئەو شوێنەی ڕووداوەكە لێی ڕوویداوە، لەگەڵ شیكردنەوە و ڕوونكردنەوەی هۆكار و پاڵنەر و دەرەنجامەكانی ئەو ڕووداوە. (بوعيشه و هشام، ٢٠١٤، ٣٠)

**٣- ڕووماڵكردنی لایەنگیری:**

لەم ڕووماڵكردنە پەیامنێر یان ڕۆژنامەنووس جەخت لەسەر لایەنێكی دیاریكراو دەكاتەوە، لەوانەیە بەشێك لە ڕاستییەكانی ڕووداوەكە ببرێت و لەوانەیە لە بەشێكی تریدا زیادەڕۆیی بكات، لەوانەشە ڕووداوەكە بشێوێنێت یان بیروڕای كەسیی خۆی تێكەڵ بكات، بەمەش ڕووماڵكردنەكە مۆركێكی كەسی یان لایەنگیری پێوە دیار دەبێت. (ادريس، ٢٠١٠، ١٠٣)

**تەوەری سێیەم: کورتەیەکی مێژوویی کەناڵی ئاسمانی سامپڵی توێژینەوە (کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو) و پلانی کەناڵەکە**

**١- کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو RudawTv:**

دوای چوار ساڵ لە دامەزراندن و کارکردنی کۆمپانیای ڕووداو، وەکو سەرەتایەک بۆ فراوانکردنی تۆڕێکی میدیایی، کۆمپانیای ڕووداو لە ساڵی ٢٠١٢ دەستیکرد بە ئامادەکاری بۆ دروستکردنی تۆڕی میدیایی، بەشێوەی مەڵتی میدیا و فراوانکردنی ڕووبەری ڕووماڵکردن و کارکردنی، هەر بۆیە لەو ساڵەدا گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای لوبنانی، فەرەنسی و بەریتانی کرد بۆ دروستکردنی ئەو تۆڕە.

ئەم گرێبەستەش لە کڕین و دامەزراندنی سیستەم و ئامێرەکانی پەخشکردن و، ڕاهێنانی کارمەندەکانی دەستپێکرد، بۆیە دوای ساڵێک لە کارکردن پەخشی ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و پۆرتاڵ، لە کاژێر ٥ی ئێوارەی چوارشەممە ٢٩ی ئایاری ٢٠١٣ دەستی بە پەخشی ئاسایی کرد.

**٢- پلاندانان لە ڕووداو:**

ڕووداو وەک تەلەڤزیۆنێکی هەواڵی، گرنگییەکی تایبەت و فراوانی داوە بە ڕووداوە گەرمەکان، بێگومان ئەمەش بە بێ پلاندانانی پێشوەختەی هەمەجۆر نەبووە "ڕووماڵی ڕووداوەکان لەلایەن ڕووداوەوە بۆ ڕووداوەکانی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان، وایکرد بینەر و خوێنەر و بیسەری کورد، بگەڕێتەوە بۆ میدیای کوردی. هەروەها بووەتە جێگەی متمانەیەکی زۆری خوێنەران و تەماشاکاران بە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و دەستەبژێرێکی فراوان بە ئینگلیزی. ڕووماڵی ڕووداو بۆ هێرشی داعش بۆ سەر شارەکانی عێراق، سووریا و کوردستان سەرنجی هەموو میدیای جیهانی ڕاکێشایە سەر

ڕووداو و ئەو دەزگا میدیاییەی کردە سەرچاوەیەکی سەرەکی هەواڵ بۆ شەڕی داعش. (rudaw, 2021)

هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دانانی هەیکەلی تۆڕی میدیایی ڕووداو و ژووری هەواڵ (نیوزگازەرینگ)، بەشی پلاندانان وەکو بەشێکی تایبەت هەبووە و دوو بۆ چوار ڕۆژنامەڤان کاریان بەڕێوەبردنی بەشەکە بوو.

باشترین کەناڵەکانی هەواڵ، باشترین تیمەکانی پلاندانیان هەیە، هەر لەبەر ئەمەش پلاندانەرەکان پاڵەوانە بێدەنگەکانی ژووری هەواڵن، پلاندانەرەکان لە بەشی پلاندانان هەرگیز لەسەر هەواڵ و چیرۆکی ئەمڕۆ کارناکەن، بەڵکو کار لەسەر چیرۆکی سبەی یان هەفتەی داهاتوو یانیش مانگی داهاتوو دەکەن، کاتێک چیرۆکێکی تازە دەگاتە کەناڵەکە، ئەوان نابێ بیر لەوە بکەنەوە" ئایا چیرۆک و تۆپ ستۆری ئەمڕۆ چییە؟ بەڵکو دەبێ بپرسن: چیرۆک و تۆپ ستۆری سبەی چییە؟ (ڕووداو ٢٠١٩، ٣٠)

بەشی پلاندانان بەشێکە لە هەیکەلیەتی نیوزگازەرینگی ڕووداو، نیوزگازەرینگی ڕووداو سەرپەرشتی کۆی هەواڵەکانی ڕووداو دەکات، بەشی پلاندانان سەرپەرشتی هەموو ئەو کارانە دەکات کە بڕیارە ڕۆژی دواتر بکرێن، وردەکاری و ڕێکخستنی ئەو کارانە دادەنێت و کاتی ڕووماڵیشیان دەستنیشان دەکات، لە پلاندانانەندا ڕۆژانە بۆکسێکی نوێ بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژی دواتر دادەنرێت و پەیامنێران و بەشەکان لەسەر بنەمای ئەو بۆکسە ڕووماڵی ڕووداوەکان دەکەن. (تەلعەت، ٢٠٢٢)

وەک بەڕێوەبەری بەشی پلاندانان ئاماژەی پێدەکات" ئێستا سێ ڕۆژنامەڤانی بە ئەزموون، بەشی پلاندانان لە ڕووداو بەڕێوەدەبەن و کارەکان دابەشکراون بەسەریاندا".

نیوەی بیرۆکەی پلاندانان و زیاتریش بەشی پەیامنێران جێبەجێی دەکەن" بۆیە پەیوەندیی بەشی پلاندانان لەگەڵ بەشی ڕاسپاردن پەیامنێران (ئەسایمێنت)، کە سەرپەرشتی کاری پەیامنێران دەکات ڕاستەوخۆیە، زۆربەی کات گفتوگۆ دەکەن بۆ چارەسەری گونجاو بۆ هەر ستۆرییەک کە دێتە پێش، لە بابەتی هەستیاریشدا دەگەڕێنەوە بۆ لای نیوزگازەرینگ ". (تەلعەت، ٢٠٢٢).

## بەشی سێیەم
## لایەنی پراکتیکیی توێژینەوە

### تەوەری یەکەم: ڕێکارەکانی لایەنی پراکتیکیی توێژینەوە

هەنگاوە زانستییەکان لەم بەشەدا خراونەتەڕوو، کە لە توێژینەوەکەدا بەمەستی دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە و هەڵبژاردنی سامپڵی و پێوەری ڕاستی و ڕادەی جێگیری و خستنەڕووی ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان خراونەتە ڕوو، بۆیە ئەم هەنگاوانە بۆ ڕێوشوێنە پراکتیکییەکانی توێژینەوە دەخەینە ڕوو:

**١. میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەبەرئەوەی ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەری و گرنگیی پلاندانانە بۆ ڕووماڵ و پێشهاتەکان لەلایەن تەلەڤزیۆنێکی هەواڵی کوردی کە توێژینەوەی بابەتەکەش توێژینەوەی وەسفییە، بۆیە میتۆدی گونجاو بۆ ئەم توێژینەوەیە، کە توێژەر بەکاریهێناوە میتۆدی ڕووپێوییە، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی زانستیدا لەگەڵ هێنانەدیی ئامانجەکانی توێژینەوە و بەدەستهێنانی زانیاریی ورد و تەواو دەربارەیان بگونجێت.

**٢. دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکدێت لەو کۆمەڵگەیەی کە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سنووری توێژینەوە، هەموو ئەو یەکە و توخمانەی دەکەونە ناو پێکهاتەی کۆمەڵگەی توێژینەوە کە توێژەران نیازیان وایە لە ئەنجامی توێژینەوەکە بەسەر کۆی یەکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بیگشتێنن، سامپڵی ئەم توێژینەوە بریتییە لە ڕۆژنامەڤانەکانی ژووری هەواڵی تۆڕی میدیایی ڕووداو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەشی پلاندانانەوە هەیە.

**٣. دیاریکردنی نموونە (سامپڵی) توێژینەوە:**

بەشێکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەبێتە سامپڵی توێژینەوە، کە هەڵگری سیفەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکات.

لەم توێژینەوەدا سامپڵێکی مەبەستدار لە ڕۆژنامەڤانەکانی ژووری هەواڵی تۆڕی میدیایی ڕووداومان دەستنیشان کردووە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی ڕۆژانەی کاریان لەگەڵ بەشی پلاندانانی دەزگاکەیە، دوای ناردنی گووگڵ فۆرم بۆ بەرپرسی بەشەکانی ژووری هەواڵ و ڕاستەوخۆ بۆ هەژمارێکی ڕۆژنامەڤانان و بە تایبەت پەیامنێران، دەرئەنجام (84) ڕۆژنامەڤان وەڵامی پرسیارەکانی توێژەریان دایەوە کە (77) لە ڕەگەزی نێر و (7)یان ڕەگەزی مێ بوون.

هەرچەندە هەریەک لە ڕۆژنامەڤانانی ژووری هەواڵی کەناڵەکانی (کوردسات نیوز، ئێن ئار تی) لە چوارچێوەی سامپڵی توێژینەوەکەمان بوون بەو پێیەی، کە هەردوو کەناڵەکە ناسنامەی کەناڵی هەواڵییان هەیە، بەڵام هاوکاریی توێژەریان نەکرد، سەرەڕای ئەوەی نووسراوی فەرمییان لە بەشی ڕاگەیاندن بۆ کرابوو.

**٤. بوارەکانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە سێ بوار دەگرێتەوە:

**أ- بواری شوێن:** سنووری توێژینەوەکە بریتییە لەو ڕۆژنامەڤانانەی کە لە چوارچێوەی ژووری هەواڵدا کار دەکەن و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بۆ ناردنی بیرۆکەی کاری ڕۆژنامەڤانی بۆ بەشی پلاندانان هەیە، لەگەڵ ئەوانەی هەڵسەنگاندن و بڕیار دەدەن و ئەوانەی جێبەجێی دەکەن.

**ب- کات:** مەبەست لە کات، کاتی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەیە، واتە لایەنی مەیدانی لە نێوان ڕێکەوتی (20/7/2022) تاکو

(1/9/2022) فۆڕمەکان دابەشکراون و زانیارییەکان کۆکراونەوە.

**ت: بواری مرۆیی:** بریتییە لەو ڕۆژنامەڤانانەی پەیوەندییان بە بەشی پلاندانانەوە هەیە، لە ناردنی بیرۆکەی کاری ڕۆژنامەڤانی بۆ ڕووماڵ و پێشهاتەکان و بەرهەمهێنانی هەواڵ، هەڵسەنگاندن و بڕیاردان، دواتر جێبەجێکردن لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ.

**٥.کەرەستەکانی توێژینەوە:**

**توێژەر گرنگترین ئەو کەرەستانەی لەم توێژینەوەیەی بەکارهێناون بریتین لە:**

أ- **فۆرمی ڕاپرسی:** توێژەر لە ڕێگەری وەڵامی پرسیارەکان زانیارییەکانی دەست دەکەوێت، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردن و کۆکرنەوەی زانیاری لەبارەی زانینی کاریگەری و گرنگیی پلاندانان بۆ ڕووماڵ و پێشهاتەکان لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا، فۆڕمەکە لە (٧) پرسیاری گشتی و (٥٧) پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکە پێکهاتووە.

**ب- تێبینیکردن:**

لە توێژینەوە مەیدانییەکاندا تێبینیکردن بە یەکێک لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت، لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە دەتوانرێ تێبینی دیاردە یان هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو بکرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی ورد بۆ دیاریکردنی هەڵسوکەوت یان دیاردەکە.

توێژەر لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە ئەو زانیارییەی کە نەیتوانیوە لە فۆڕمی ڕاپرسی بەدەستی بهێنێت، هەوڵیداوە لە ڕێگەری تێبینییەوە بەدەستیان بهێنێت بە تایبەت لە کاتی بینینی ڕووماڵێکی چاوەڕوانکراوی سەر شاشەی تەلەڤزیۆنێکی هەواڵی کوردی کە تا چەندە پڕە لە زانیاریی ورد و فرە ڕەهەند لەسەر ئەو مژارە.

**٦. پێوەری ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ دەستکەوتنی پێوەری ڕاستی پشتی بە(7)(*) پسپۆڕی ئەکادیمی لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و ئامار بەستووە. دوای هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان و ئەنجامدانی کاری ژمێریاری بۆ کاری فۆڕمەکان، دەرکەوت ڕێژەی ڕاستیی ڕواڵەتی بریتییە لە( 96.8%)، مانای وایە ڕاستیی فۆڕمەکە ڕێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە، ئەمەش نیشانەی ڕاستەقینەی ڕاستییە بۆ پێوەرەکە و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر تاکی نێو توێژینەوەکە، دوای ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی توێژەر بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستی ئەم فۆڕمانەی بەسەر پسپۆڕاندا دابەش کرد.

**خشتەی ژمارە (١) هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان بۆ فۆرمی ڕاپرسی**

| ژمارە | ناوی پسپۆڕان | پسپۆڕی | پرسیارە دروستەکان | پرسیارە نادروستەکان | ڕێژەی سەدی ڕاستییەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د. ڕضوان خضر علي | ڕاگەیاندن | ٦٤ | - | ١٠٠ % |
| ٢ | پ.ی.د. بەهات حەسیب قەرەداغی | ڕاگەیاندن | ٥٤ | ١٠ | ٨٤,٣ % |
| ٣ | پ.ی.د. حەبیب ئیبراهیم | ڕاگەیاندن | ٦٠ | ٤ | ٩٣,٧٥ % |
| ٤ | پ.ی.د. ڕزگار مغدید احمد | ئامار | ٦٢ | ٢ | ٩٦,٨ % |
| ٥ | پ.ی.د. حکیم عثمان حمید | ڕاگەیاندن | ٥٨ | ٦ | ٩٠,٦% |
| ٦ | د. نەوزاد صدیق محمد | ڕاگەیاندن | ٥٥ | ٩ | ٨٥,٩% |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مصطفی | راگەیاندن | ٦٢ | ٢ | ٩٦،٨% |
| کۆی گشتی | | | ٤١٥ | ٣٣ | ٩٢.٦ % |

**٧. ڕادەی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی:**

٨. بۆ دڵنیابوون و زانین لە ڕادەی جێگیری بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هاوکێشەی (الفا کرۆنباخ)یان بەکارهێناوە، لەم توێژینەوەیەش نزمترین بەهای بریتییە لە (٠.٧٥٣ ) کە ئەمەش بەهایەکی بەرزی ڕادەی جێگیری بۆ ئەنجامی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی پیشان دەدات.

**خشتەی ژمارە (٢) بەهای کۆی خشتەکان دیاری دەکات**

| ز | تەوەرەکان | ژ.پرسیار | پێوەری الفا-کرۆنباخ | بڕیار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | میکانیزمی دانانی پلان و ناردنی بیرۆکەی هەواڵی لە کەناڵی ڕووداو | 17 | 0.607 | جێگیرە |
| 2 | گرنگی پلاندانان لە ڕووماڵکردنی هەواڵدا لە کەناڵی ڕووداو | 17 | 0.815 | جێگیرە |
| 3 | گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلانی کەناڵی ڕووداو بۆ ڕووماڵی ڕۆژانەی هەواڵ و پێشهاتەکان | 15 | 0.873 | جێگیرە |
| 4 | گشت پرسیارەکانی فۆرم | 49 | 0.753 | جێگیرە |

خشتەی (٢) جێگیری بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی بە بەکارهێنانی پێوەری الفا-کرۆنباخ

**٩. ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان لە توێژینەوەکەدا:**

ئەو ئامرازە ئامارییەی لەم توێژینەوەدا بەکارهاتووە ئەوەیە، کە توێژەران بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکانی بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاکان بەکاریان دەهێنێت، توێژەر بەشێک لە کەرەستە ئامارییەکانی بەکارهێناوە کە گرنگترینیان(SPSS )،( Statistical package Social Sciene)ە، واتە شیکردنەوەی داتای ئاماری لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیە، کە بە سیستەمێکی پێشکەوتوو دادەنرێت بۆ شیکردنەوەی داتاکان، کە تێیدا چەند یاسایەک بەکار هاتوون.

**تەوەری دووەم:**

**شیکردنەوەی خشتەکان و خستنەڕووی زانیارییەکانی فۆرمی ڕاپرسی**

لەم تەوەرەدا بە وردی ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی و شرۆڤەی داتاکان دەکەین، دوای دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر لێتوێژراوی توێژینەوە و وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان و ئەنجامدانی کرداری بەتاڵکردن (تفریغ) بۆ ئەو زانیارییانەی لەناو فۆرمەکە بەدەستهاتوون، زانیارییەکان لە شێوەی خشتە پۆلێن و ڕێکخراون و ڕوونکراونەتەوە کە لە خوارەوە دیارە، ئەمەش لە ( 11) خشتە پێکهاتوون، دواتر ئەنجامی توێژینەوەکە وەک دەرهاوێشتەی ئەو داتا و زانیارییانە خراونەتە ڕوو.

**یەکەم/ زانیارییە کەسییەکان:**

**توێژەر لەم بڕگەیەی ڕاپرسییەکە دا، مەبەستیەتی ئەم حەوت زانیارییە کەسییانەی خوارەوە بزانێت:**

١. ڕەگەز

**خشتەی (٣) ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوە**

| ڕەگەز | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| نێر | 77 | 91.7% |
| مێ | 7 | 8.3% |
| کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی (٣) ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە بواری ڕۆژنامەڤانیدا کار دەکەن لەو تەلەڤزیۆنە، لە ڕەگەزی نێرینەن، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوە دەردەخات کە تائێستا لە هەرێمی کوردستان ژن کەمتر لە میدیا کاردەکەن، پێدەچێ ژن کەمتر ئارەزووی کارکردنی لە بواری مەیدانی، هەواڵسازی و ئیدارەکردنی بەشەکانی تەلەڤزیۆن هەبێت.

**٢. تەمەن**

**خشتەی (٤) دیاریکردنی تەمەنی سامپڵی توێژینەوە**

| تەمەن | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| 25 - 31 | 21 | 25.0% |
| 32 - 38 | 37 | 44.0% |
| 39 - 45 | 20 | 23.8% |
| 46 | 6 | 7.1% |
| کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی (٤)، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (٣٢-٣٨)ساڵیدایە، بە ڕێژەی (**44.0%** ) ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زۆرینەی ڕۆژنامەڤانەکانی ژووری هەواڵی ڕووداو، دەکەونە نێوان ئەم تەمەنەوە.

**٣. ئاستی خوێندن:**

**خشتەی (٥) ئاستی خوێندنی سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات**

| ئاستی خوێندن | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| ئامادەیی | 6 | 7.1% |
| خوێندنی باڵا | 11 | 13.1% |
| دبلۆم و بەکالۆریۆس | 67 | 79.8% |
| کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (٥) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە هەڵگری باوەڕنامەی دبلۆم و بەکالۆریۆسن کە دەکاتە (**79.89%**) ، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە زۆرینەی ئەو ڕۆژنامەڤانانەی لە ژووری هەواڵی ڕووداو کار دەکەن، خاوەن بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆسن، هەروەها ئەوەش بۆمان ڕوون بووەتەوە کە دوای ئەمە، بە پلەی دووەم کە دەکاتە (١٣) لە ڕۆژنامەڤانەکانی ژووری هەواڵی ڕووداو خاوەن بڕوانەی دبلۆمی باڵان (دبلۆمی باڵا ، ماستەر و دکتۆرا)، ئەمەش بە خاڵێکی باش دەزانرێت.

**٤. پسپۆری:**

**خشتەی (٦) دیارکردنی پسپۆری سامپڵی توێژینەوە**

| پسپۆری | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| زمان | 11 | 13.1% |
| ڕاگەیاندن | 56 | 66.7% |
| سیاسەت | 2 | 2.4% |
| گشتی | 2 | 2.4% |
| هی دیکە | 11 | 13.1% |
| یاسا | 2 | 2.4% |
| کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی (٦)، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی پسپۆری و شارەزاییان لە بواری کاری ڕۆژنامەڤانیدا هەیە، کە ئەویش ڕێژەیەکی بەرزە، (٥٦) کەس لە کۆی (٨٤) کەس بڕوانامەی ڕاگەیاندنیان هەیە کە دەبێتە (٦٦.٧٪) ئەمەش ڕێژەیەکی بەرز و باشە.

هەروەها ئاماژەیەکی دیکەی خشتەکە دیاردەبێت، کە ئەوانەی لە ژووری هەواڵی ڕووداو کار دەکەن بەڕێژەیەکی بەرچاو پسپۆری زمانن، ئەویش لە دوای پسپۆری ڕاگەیاندن دێت کە (١٣.١٪)، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەوانەی زمان دەزانن زووتر جێگای خۆیان لە ناو دەزگای میدیاییدا دەکەنەوە و بۆ ڕۆژنامەڤان گرنگە زیاتر لە زمانێک بزانێت.

**٥. شوێنی نیشتەجێبوون:**

**خشتەی (٧) شوێنی نیشتەجێبوونی سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات**

| شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| دهۆك | 15 | 17.9% |
| دەرەوەی هەرێمی کوردستان | 15 | 17.9% |
| سلێمانی | 9 | 10.7% |
| هەولێر | 44 | 52.4% |
| هەڵەبجە | 1 | 1.2% |
| کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

ئەم فۆرمەی ڕاپرسی بەسەر ڕۆژنامەڤانانی ناو ژووری هەواڵی ڕووداو لە هەولێر و ئۆفیسەکانیان دابەشکراوە، ئاماژەکانی وەڵامدانەوەیان دیار دەبێ کە (٥٢٪) ئەوانەی وەڵامی فۆرمەکەیان داوە نشتەجێی شاری هەولێرن، دوای ئەوە ئەو ڕۆژنامەڤانانە دێن کە لە ئۆفیسی دهۆک و ئۆفیسەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کار دەکەن کە دەکاتە (١٧.٩٪) لە سامپڵی توێژینەوە.

### ٦. ئەزموونی کاری ڕۆژنامەڤانی:

**خشتەی (٨) ئەزموونی ساڵانی کارکردنی ڕۆژنامەڤانانی سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات**

| ئەزموونی ڕۆژنامەڤانی | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| <5 | 11 | 13.1% |
| 5-10 | 20 | 23.8% |
| >10 | 53 | 63.1% |
| کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا دیار دەبێت زۆرترین ساڵانی ئەزموونی کارکردنی ڕۆژنامەڤانانی ژووری هەواڵی ڕووداو لە سەرەوەی ١٠ ساڵدایە کە بە ڕێژەی (٦٣.١٪) بە پلەی یەکەم دێت بە دووبارەبوونەوەی (٥٣) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشێک لە ڕۆژنامەڤانەکانی ڕووداو دەمێکە لە ناو میدیا کار دەکەن، هەروەها ئەزموونی کارکردنی (٥ بۆ ١٠) ساڵ بە پلەی دووەم دێت کە ڕێژەکەی (٢٣.٨٪)ە، بە دووبارەبوونەوەی (٢٠).

بە هەردوو ڕێژەکەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی ڕۆژنامەڤانەکانی ڕووداو ئەوانەن کە ئەزموونی ساڵانێک کاری میدیاییان هەیە، ئەمەش کاریگەری پلاندانان لەسەر چۆنێتی ڕووماڵکردنی پێشهاتەکان و هەواڵەکان دەبێت.

### ٧. جۆری کاری ڕۆژنامەڤانان سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات

**خشتەی (٩) جۆری کاری ڕۆژنامەڤانان سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات**

| جوری کاری ڕۆژنامەڤانی | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| بەرپرسی دیسک | 3 | 3.6% |
| بەڕێوەبەری یان ی. بەڕێوەبەری بەش | 14 | 16.7% |
| بێژەر | 11 | 13.1% |
| پرۆدیۆسەر | 16 | 19.0% |
| پەیامنێر | 29 | 34.5% |
| هەواڵساز | 11 | 13.1% |
| کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە زۆرترین کەس لە وەڵامدەرانی توێژینەوەکە پەیامنێرن، ئەویش بەڕێژەی (٣٤.٥٪) کە بە پلەی یەکەم دێت و بە دووبارەبوونەوەی (٢٩)، ئەمەش ڕاستییەک دەردەخات کە زۆربەی ڕۆژ لە حەفتەدا پەیامنێر بیرۆکەی کاری ڕۆژانەی خۆی بۆ بەشی پلاندانان دەنێریت و پەیوەندیی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆ لە نێوان پەیامنێر و بەشی پلاندانانی کەناڵەکە هەیە، هەروەها بە پلەی دووەم پرۆدیۆسەر دێت بە ڕێژەی ( ١٩٪) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پرۆدیۆسەری بەرنامەکان پەیوەستن بە ناردنی بیرۆکەی ڕۆژانە یان حەفتانەی ناوەڕۆکی کار و بەرنامەیان بۆ بەشی پلاندانان و پرۆدیۆسەری گەشتەکانی هەواڵیش ڕۆژانە لەسەر هێڵن لەگەڵ پەیامنێر بۆ جێبەجێکردنی پلان.

بە پلەی سێیەمیش بەڕێوەبەر یان یاریدەدەری بەڕێوەبەری بەش دێن، ئەمەش ڕاستەوخۆ ئەوە نیشان دەدات کە ڕۆژانە بەرپرسی بەشەکان یان یاریدەرەکان ئاگایان لە گەڵاڵەکردن و ناردن و جێبەجێکردنی پلان هەیە.

## تەوەری دووەم

### دووەم: میکانیزمی دانان و جێبەجێکردنی پلان لە کەناڵی ڕووداو

خشتەی (١٠) میکانیزمی دانانی پلان و ناردنی بیرۆکەی هەواڵی

| هێمای گۆڕاوەکان | زۆربەی جار | | هەندێك جار | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | & |
| X8.1 | 74 | 88.1% | 10 | 11.9% | 0 | 0.0% |
| X8.2 | 54 | 64.3% | 29 | 34.5% | 1 | 1.2% |
| X8.3 | 54 | 64.3% | 28 | 33.3% | 2 | 2.4% |
| X8.4 | 38 | 45.2% | 44 | 52.4% | 2 | 2.4% |
| X8.5 | 53 | 63.1% | 30 | 35.7% | 1 | 1.2% |
| X8.6 | 11 | 13.1% | 70 | 83.3% | 3 | 3.6% |
| X8.7 | 24 | 28.6% | 57 | 67.9% | 3 | 3.6% |
| X8.8 | 19 | 22.6% | 56 | 66.7% | 9 | 10.7% |
| X8.9 | 61 | 72.6% | 22 | 26.2% | 1 | 1.2% |
| X8.10 | 53 | 63.1% | 16 | 19.0% | 15 | 17.9% |
| X8.11 | 40 | 47.6% | 41 | 48.8% | 3 | 3.6% |
| X8.12 | 46 | 54.8% | 35 | 41.7% | 3 | 3.6% |
| X8.13 | 44 | 52.4% | 37 | 44.0% | 3 | 3.6% |
| X8.14 | 63 | 75.0% | 18 | 21.4% | 3 | 3.6% |
| X8.15 | 41 | 48.8% | 33 | 39.3% | 10 | 11.9% |
| X8.16 | 51 | 60.7% | 27 | 32.1% | 6 | 7.1% |
| X8.17 | 45 | 54.2% | 38 | 45.8% | 0 | 0.0% |
| X8.18 | 76 | 90.5% | 8 | 9.5% | 0 | 0.0% |

بەپێی ئەم خشتە، چەند ئاماژەیەکمان بۆ ڕووندەبێتەوە، یەکێک لەوانە زۆرینەی ئەوانەی بەشدارن لە جێبەجێکردنی پلان، دوای ئەوەی تێکستی کۆتایی بەشی پلاندانیان پێگەیشت، خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ئامادە دەکەن، ئەویش بە ڕێژەی (٩٠.٥٪) و هەروەها (٨٨.١٪) لە سامپڵی توێژینەوەکە ڕۆژانە سێرچ دەکەن بەمەبەستی دۆزینەوەی بیرۆکەی ڕۆژنامەڤانی پێشی ناردن بۆ بەشی پلان، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە چ پەیامنێر یان پرۆدیۆسەر، یان هەر ڕۆژنامەڤانێکی بەشداری ناردنی پلان بەبێ ئامادەکاری و سێرچکردن، بیرۆکەی ڕۆژنامەڤانی بۆ کاری سبەی بۆ بەشی پلاندانان نانێرن، ئەمەش خاڵێکی بەهێزە. هەروەها (٨٣.٣٪) لە سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە هەندێک بیرۆکە هەیە لە ناو پلاندانان، جێبەجێکردنی زۆر قورسە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەندێک جار ئەوانەی پلان بۆ پەیامنێر یان بۆ بەشەکانی دیکە دەنووسن، دەیانەوێ هەر چۆنێک بێت مەتریالی ڕۆژنامەڤانی باش بەدەست بێنن، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی توانای ڕۆژنامەڤان و ژینگەی دروستکردنی ئەو مەتریالە و دێدلاینەکە بکەن.

بە وردبوونەوە بۆ ئەنجامێکی دیکەی ئەم خشتەیە، ئەوانەی کە زۆرترین وەڵامی نەخێریان هەیە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بە ڕێژەی (١٧.٩٪) لەگەڵ ئەوەنین هەموو ڕۆژێکی کارکردن ڕۆژنامەڤان پابەند بکرێت بە ناردنی بیرۆکەی کارکردنی پێشوەختە بۆ بەشی پلاندانان، هەروەها (١١.٩٥٪) لە سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ بوونی پاداشت و سزا نین بۆ جێبەجێکردنی پلان، ئەمەش وا دەردەخات لەگەڵ ئەوەدان ڕۆژنامەڤان خۆی کاری خۆی بکات و هەست بە بەرپرسیاری پیشەی خۆی بکات بەبێ ئەوەی لە پرسی کارگێڕی چاوەڕێی شتێک بکات، هەرووەرها (١٠.٧٪) لە سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە ئەگەر لەبەر هۆکارێک بێت، ڕۆژنامەڤانەکان بیرۆکەیان نەنارد، بەشی پلاندانانیش

بۆیان نانێرن، ئەمەش هەندێک جار ڕەنگە پێڕا نەگەن و ڕەنگە بیرۆکەی شوێنگر بۆ دەڤەر یان بەشەکەیان نەبێت و ستافی بەشی پلاندانان ئاشنای ئەو دەڤەر و بەشە نەبێت کە پلانی جێگرەوەیان بۆ دابنێن.

**خشتەی (١١) دیاربوونی ڕیزبەندیی ئەو سەرچاوە بابەتیانەی کەناڵی ڕووداو پشتیان پێ دەبەستێت**

| هێمای گۆڕاو | دووبارە | % |
|---|---|---|
| سەرچاوە حکومییەکان | 43 | 24.3% |
| بەیاننامە و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان | 26 | 14.7% |
| پێشنیازی ڕاستەوخۆی بینەر و گوێگر و خوێنەرانی ڕووداو | 26 | 14.7% |
| ئەو بابەتانەی لە ئامرازە کلاسیکییەکانی ڕاگەیاندن دەخرێنەروو | 10 | 5.6% |
| ئاژانسەکانی هەواڵ | 29 | 16.4% |
| سۆشیاڵ میدیا و پێگە ئەلیکترۆنییەکان | 23 | 13.0% |
| ڕۆژمێر | 20 | 11.3% |
| **کۆی گشتی** | **177** | **100.0%** |

بەپێی خشتەی (١١) بۆمان دیاردەبێت کە (٢٤.٣٪) لە سامپڵی توێژینەوەکەمان، سەرچاوە حکومییەکانن، زۆرترین سەرچاوە کە کەناڵی ڕووداو لە داڕشتنی پلانی ڕۆژانەی ڕووماڵی هەواڵی پشتی پێدەبەستن دامەزراوە حکومییەکانن، ئەمەش وا دەردەخات، کە بابەتەکانی پەیوەست بە خەڵک و حکومەت و ئەو کارانەی حکومەت دەیانکات دەبنە مژاری گرنگیپێدانی کەناڵەکە و لە پلان جێگایەکی باشیان بۆ دەبێتەوە.

هەروەها (١٦.٤٪) لە سامپڵی توێژینەوە، ئاژانسەکانی هەواڵ بە جێگایەکی باش بۆ سەرچاوەی پلاندانانی ڕۆژانەی ڕووماڵی هەواڵی دەبینن کە

ئەمەش وا دەردەخات کەناڵی ڕووداو شێوەیەکی بەرچاو گرنگی بە پرسە جیهانییەکان دەدات.

هەروەها (١٤.٧٪) بەیاننامە و کۆنگرە ڕۆژنامەڤانییەکان وەکو سەرچاوەی سێیەمی پلانی کەناڵەکە و بە هەمان ڕێژەش (١٤.٧٪) ئەو پێشنیازەی ڕاستەوخۆ بینەر، گوێگر و خوێنەرانی ڕووداو دەیکەن، دەبنە جێگای بایەخی کەناڵەکە بۆ داڕشتنی پلانی ڕۆژانەی ڕووماڵی هەواڵی، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە کۆمێنتێک، بۆچوونێک، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی و هەر جۆرە پەیوەندییەکی دیکەی هاونیشتمانییان بۆ کەناڵەکە بە هەند وەردەگرن و لە پلانی کارکردنیان گرنگی پێدەدەن.

## تەوەری سێیەم:

## گرنگی پلاندانان لە ڕووماڵی هەواڵیدا

### خشتەی (١٢) گرنگی پلاندانان لە ڕووماڵی هەواڵیدا لە کەناڵی ڕووداو دیار دەکات

| تەوەرەکان | هێمای گۆڕاو | بەتەواوی هاوڕانیم دووبارە | بەتەواوی هاوڕانیم % | هاوڕانیم دووبارە | هاوڕانیم % | نازانم دووبارە | نازانم % | هاوڕام دووبارە | هاوڕام % | بەتەواوی هاوڕام دووبارە | بەتەواوی هاوڕام % | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گرنگی پلاندانان لە ڕووماڵکردنی هەواڵدا لە کەناڵی ڕووداو | X10.1 | 2 | 2.4% | 4 | 4.8% | 0 | 0.0% | 26 | 31.0% | 52 | 61.9% | 4.45 | 0.911 | 89.05% |
| | X10.2 | 0 | 0.0% | 1 | 1.2% | 0 | 0.0% | 21 | 25.0% | 62 | 73.8% | 4.71 | 0.528 | 94.29% |
| | X10.3 | 1 | 1.2% | 7 | 8.3% | 9 | 10.7% | 43 | 51.2% | 24 | 28.6% | 3.98 | 0.918 | 79.52% |
| | X10.4 | 3 | 3.6% | 9 | 10.7% | 5 | 6.0% | 39 | 46.4% | 28 | 33.3% | 3.95 | 1.074 | 79.05% |
| | X10.5 | 1 | 1.2% | 3 | 3.6% | 2 | 2.4% | 31 | 36.9% | 47 | 56.0% | 4.43 | 0.811 | 88.57% |
| | X10.6 | 2 | 2.4% | 4 | 4.8% | 5 | 6.0% | 40 | 47.6% | 33 | 39.3% | 4.17 | 0.916 | 83.33% |
| | X10.7 | 0 | 0.0% | 2 | 2.4% | 2 | 2.4% | 13 | 15.5% | 67 | 79.8% | 4.73 | 0.628 | 94.52% |
| | X10.8 | 5 | 6.0% | 16 | 19.0% | 2 | 2.4% | 36 | 42.9% | 25 | 29.8% | 3.71 | 1.247 | 74.29% |
| | X10.9 | 1 | 1.2% | 5 | 6.0% | 5 | 6.0% | 39 | 46.4% | 34 | 40.5% | 4.19 | 0.885 | 83.81% |
| | X10.10 | 3 | 3.6% | 3 | 3.6% | 3 | 3.6% | 41 | 48.8% | 34 | 40.5% | 4.19 | 0.938 | 83.81% |
| | X10.11 | 1 | 1.2% | 1 | 1.2% | 2 | 2.4% | 31 | 36.9% | 49 | 58.3% | 4.50 | 0.720 | 90.00% |
| | X10.12 | 0 | 0.0% | 1 | 1.2% | 3 | 3.6% | 30 | 35.7% | 50 | 59.5% | 4.54 | 0.630 | 90.71% |
| | X10.13 | 1 | 1.2% | 4 | 4.8% | 13 | 15.5% | 42 | 50.0% | 24 | 28.6% | 4.00 | 0.864 | 80.00% |
| | X10.14 | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 4 | 4.8% | 37 | 44.0% | 43 | 51.2% | 4.46 | 0.590 | 89.29% |
| | X10.15 | 1 | 1.2% | 3 | 3.6% | 12 | 14.3% | 40 | 47.6% | 28 | 33.3% | 4.08 | 0.853 | 81.67% |
| | X10.16 | 4 | 4.8% | 3 | 3.6% | 7 | 8.3% | 39 | 46.4% | 31 | 36.9% | 4.07 | 1.015 | 81.43% |
| | X10.17 | 1 | 1.2% | 3 | 3.6% | 9 | 10.7% | 45 | 53.6% | 26 | 31.0% | 4.10 | 0.816 | 81.90% |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 4.25 | 0.84 | 85.01% |

بە سەرنجدان لە خشتەی (12) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (94.52%) لە سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە گرنگی پلاندانان پێیان وایە؛ باشترە ئەوانەی لە بەشی پلاندانان کاردەکەن، پێشتر ئەزموونی ڕۆژنامەڤانی مەیدانییان هەبووبێت، ئەمەش ئەو خاڵە دەردەخات کە ئەگەر ڕۆژنامەڤان کاری مەیدانی کردبێت، لە نووسینی سیناریۆی بیرۆکەی ڕۆژنامەڤانی بۆ پەیامنێران و بەشەکانی دیکەی ژووری هەواڵ زیاتر نزیک دەبێتەوە لە واقع، نەک شتێک دەنووسێت کە جێبەجێکردنی زۆر قورس یان ئەستەم بێت.

هەروەها (94.29%) لە سامپڵی توێژینەوەکە بەتەواوی هاوڕان کە بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکەی ستۆری باشی ڕۆژنامەڤانی، گەڕان و بەدواداچوون بۆ ڕۆژنامەڤان گرنگە.

لە لایەکی دیکەوە ڕێژەی (90.71%) بە تەواوی لەگەڵ ئەوەدان کە پلاندانان یارمەتی میدیاکار دەدات ئەرکەکەی لە ڕووماڵکردنی هەواڵدا بە شێوەیەکی باش جێبەجێ بکات، ئەمەش گرنگیی پلاندانان لای ڕۆژنامەڤانەکان بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵ و ڕووماڵی پێشهاتەکان نیشان دەدات.

کەمترین ڕێژەی سامپڵی توێژینەوە بەڕێژەی (74.29%) لەگەڵ ئەوەدانین کە باشتروایە پەیامنێر پابەندبێت بەو پلانەی کە بەشی پلاندانان بۆی دەنێریت و وەک خۆی جێبەجێی بکات.

ڕێژەی لەگەڵبوونی کۆی سامپڵی توێژینەوەکە لەم بڕگەیەدا (٨٥.١٥٪)، و ناوەندی ژمێریاریەکەی (٤.٢٥) و ڕێژەی لادانی پێوانەیی (٠.٨٤). لە ئەنجامی ژمارەی سەروو بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە ڕایان وایە کە بۆ ڕووماڵی هەواڵی و پێشهاتەکان و بەرهەمهێنانی هەواڵ پلاندانانی پێشوەختە گەلەک گرنگە و ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبووە لەسەر باشترکردنی ئەدای کەناڵەکە.

## خشتەی (١٣) دیارکردنی گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلانی کەناڵی ڕووداو بۆ ڕووماڵ

| تەوەرەکان | هێمای گۆڕاو | بەتەواوی هاوڕانیم | | هاوڕانیم | | نازانم | | هاوڕام | | بەتەواوی هاوڕام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلانی کەناڵی ڕووداو بۆ ڕووماڵی ڕۆژانەی هەواڵ و پێشهاتەکان | X11.1 | 5 | 6.0% | 33 | 39.3% | 17 | 20.2% | 26 | 31.0% | 3 | 3.6% | 2.87 | 1.04 | 57.38% |
| | X11.2 | 6 | 7.1% | 36 | 42.9% | 13 | 15.5% | 23 | 27.4% | 6 | 7.1% | 2.85 | 1.12 | 56.90% |
| | X11.3 | 18 | 21.4% | 25 | 29.8% | 19 | 22.6% | 17 | 20.2% | 5 | 6.0% | 2.60 | 1.20 | 51.90% |
| | X11.4 | 11 | 13.1% | 24 | 28.6% | 18 | 21.4% | 18 | 21.4% | 13 | 15.5% | 2.98 | 1.29 | 59.52% |
| | X11.5 | 7 | 8.3% | 22 | 26.2% | 25 | 29.8% | 22 | 26.2% | 8 | 9.5% | 3.02 | 1.12 | 60.48% |
| | X11.6 | 7 | 8.3% | 34 | 40.5% | 8 | 9.5% | 29 | 34.5% | 6 | 7.1% | 2.92 | 1.17 | 58.33% |
| | X11.7 | 13 | 15.5% | 33 | 39.3% | 8 | 9.5% | 23 | 27.4% | 7 | 8.3% | 2.74 | 1.25 | 54.76% |
| | X11.8 | 2 | 2.4% | 34 | 40.5% | 14 | 16.7% | 21 | 25.0% | 13 | 15.5% | 3.11 | 1.17 | 62.14% |
| | X11.9 | 5 | 6.0% | 34 | 40.5% | 17 | 20.2% | 26 | 31.0% | 2 | 2.4% | 2.83 | 1.02 | 56.67% |
| | X11.10 | 1 | 1.2% | 20 | 23.8% | 13 | 15.5% | 37 | 44.0% | 13 | 15.5% | 3.49 | 1.06 | 69.76% |
| | X11.11 | 1 | 1.2% | 12 | 14.3% | 14 | 16.7% | 40 | 47.6% | 17 | 20.2% | 3.71 | 0.99 | 74.29% |
| | X11.12 | 4 | 4.8% | 21 | 25.0% | 24 | 28.6% | 25 | 29.8% | 10 | 11.9% | 3.19 | 1.09 | 63.81% |
| | X11.13 | 11 | 13.1% | 39 | 46.4% | 18 | 21.4% | 11 | 13.1% | 5 | 6.0% | 2.52 | 1.07 | 50.48% |
| | X11.14 | 6 | 7.1% | 20 | 23.8% | 11 | 13.1% | 39 | 46.4% | 8 | 9.5% | 3.27 | 1.14 | 65.48% |
| | X11.15 | 3 | 3.6% | 18 | 21.4% | 19 | 22.6% | 35 | 41.7% | 9 | 10.7% | 3.35 | 1.05 | 66.90% |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.03 | 1.12 | 60.59% |

بەپێی خشتەی ژمارە (١٣) ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی (74.20% ) ئەو دابەشبوونە و ململانێ سیاسییەی لە هەرێمی کوردستان و چوار پارچەی کوردستاندا هەیە، گرنگترین ئاستەنگی بەردەم جێبەجێکردنی پلانی کەناڵی ڕووداوە بۆ ڕووماڵی ڕۆژانەی هەواڵ و پێشهاتەکان کە بە پلەی یەکەم دێت، بە پلەی دووەمیش بە ڕێژەی (69.76%) بەدەمەوە نەهاتنی دامەزراوە فەرمییەکان گرنگترین ئاستەنگی بەردەم جێبەجێکردنی پلانە، هەروەها بە پلەی سێیەمیش بەڕێژەی (66.90% ) لە سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە نەبوونی سەقامگیری هەمەلایەن لەو دەڤەرەی تێیدا کار دەکەن، سێیەم گرنگترین ئاستەنگەکانە.

کەمترین ڕێژەی سامپڵی توێژینەوەکە کە (50.48%) پێیان وایە لاوازبوونی توانای ماددیی کەناڵەکە یەکێکە لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلان.

**دەرئەنجامەکان:**

دوای کۆکردنەوەی زانیاری و داتای خشتەکانی توێژینەوەکە و خستنەڕوویان و شیکردنەوەیان بە بەکارهێنانی چەندین ڕێگە و میتۆدی شرۆڤەکاری و ئاماری، توێژینەوەکە گەیشتە چەند دەرئەنجامێکی زانستی، کە ئەمەیان گرنگترینیانن:

١. زۆرینەی ڕۆژنامەڤانەکانی کەناڵی ڕووداو، کە سەر بە ژووری هەواڵن پسپۆرن لە بواری میدیا کە ڕێژەی (٦٦.٧٪) لە سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

٢. زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بیرۆکە هەیە لە ناو پلاندانانندا بەڵام جێبەجێکردنی قورسە.

٣. رووداو زیاتر پشت بە سەرچاوە حکومییەکان دەبەستێت بۆ داڕشتنی پلانی ڕۆژانەی ڕووماڵی هەواڵ.

٤. باشترە ئەوانەی لە بەشی پلاندانان کاردەکەن، پێشتر ئەزموونی ڕۆژنامەڤانی مەیدانییان هەبێت.

٥. بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکەی ستۆری باشی ڕۆژنامەڤانی، گەڕان و بەدواداچوون بۆ ڕۆژنامەڤان گرنگە.

٦. پلاندانانی وردی ڕووداو بۆ ڕووماڵی ڕۆژانەی هەواڵ، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبووە لەسەر باشترکردنی توانای کەناڵەکە بۆ کێبڕکێکردنی کەناڵەکانی دیکە.

٧. بۆ ڕووماڵی پێشهاتەکان و بەرهەمهێنانی هەواڵ پلاندانانی پێشوەختە گەلەک گرنگە و ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبووە لەسەر باشترکردنی ئەدای کەناڵەکە.

٨. ئەو دابەشبوون و ململانێ سیاسییەی لە هەرێمی کوردستان و چوار پارچەی کوردستاندا هەن، گرنگترین ئاستەنگی بەردەم جێبەجێکردنی پلانی کەناڵی ڕووداوە بۆ ڕووماڵی ڕۆژانەی هەواڵ و پێشهاتەکان.

٩. لاوازبوونی توانای ماددیی کەناڵەکە یەکێک نییە لە ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلانی کەناڵەکە.

**پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:**

لە سۆنگەی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێیگەیشتووە، ئەم پێشنیاز و ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

١- پێشنیاز دەکەین دەزگاکانی میدیایی زیاتر سوود لە تواناکانی دەرچووانی کۆلیژی تایبەت بە خوێندنی میدیایی وەربگرن.

٢- پێشنیاز دەکەین ئەو ڕۆژنامەڤانانەی لە بەشی پلاندانانی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی کار دەکەن پێشتر کاری مەیدانی میدیاییان کردبێت، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای کاری دەرەوەی دەزگای میدیایی بن.

٣- پێشنیاز دەکەین زیاتر گرنگی بە بەشی پلاندانانی دەزگاکانی میدیایی و ستافەکەی بدرێت، لەبەرئەوەی پلاندانان ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەیە لە باشترکردنی توانای کەناڵەکان.

٤- هەماهەنگیی زیاتر و ڕاستەوخۆی نێوان هەردوو بەشی پەیامنێران و پلاندانان هەبێت بۆ باشترکردنی ئەدای ڕووماڵ و بەرهەمهێنانی هەواڵ.

٥- دەزگا حکومییەکان زیاتر هاوکاری ڕۆژنامەڤانەکان بکەن بۆ پێدانی زانیاریی پێویست.

## سەرچاوەکان:

### بە زمانی کوردی

١- تەلعەت، ئەحمەد interview by عوبەید سوبحی(٢٠٢٢)، بەڕێوەبەری بەشی پلاندانان لە ڕووداو.
٢- ڕووداو، تۆڕی میدیایی(٢٠١٩). کتێبی ڕووداو. هەولێر: ڕووداو.
٣- علی، کاروان(٢٠٠٤)، هونەری ڕۆژنامەنووسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی.
4- rudaw. 2021. www.rudaw,net. Accessed 5 1, 2022.

### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

١. الزمبيلي، حسام (٢٠١٢)، الأداء الاعلامي في الحقل العلمي من منظور العلميين، اكاديمية البحث العلمي.
٢. النمر، سعود بن محمد (٢٠٠١)، الادارة العامة والاسس والوظائف، الطبعة الخامسة، مطبعة فرزدق، رياض.
٣. ابراهيم، اسماعيل (١٩٩٨)، فن التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق، دار الفجر للنشر والتوزيع، هرم.
٤. ادريس، آمال (٢٠١٠)، التغطية الإعلامية لحرب الخليج الثالثة قناة المنار نموذجا، رسالة ماجستير في علوم الإعلام والاتصال، تخصص وسائل الإعلام والمجتمع، جامعة الجزائر.
٥. اسماعيل، فتحي ابراهيم (٢٠١٩)، فن الاخراج الصحفي بين النظرية والتطبيق، مكتبة العربي للنشر والتوزيع.
٦. البدراني (٢٠١٥)، اسس التحرير الصحفي والتلفزيوني والالكتروني، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجامعي للنشر والتوزيع، الامارات العربية المتحدة.
٧. بلقاسم، حبيب (٢٠١٠)، تخطيط لإعداد البرامج الإذاعية والتلفزيونية، بكالوريوس في الاعلام، جامعة الملك سعود / كلية الاداب/ قسم الاعلام، السعودية.

٨. بوعشية، نبيل و هشام، بن قبلية (٢٠١٤)، التخطيط الاخبارية ودورها في تكوين المفهوم الاعلامي، مذكرة التخرج، جامعة عبدالحميد بن باديس، قسم علوم الاعلام والاتصال.
٩. الجفيري، محمد (٢٠١٥)، اعداد وتقديم البرامج الاذاعية والتلفزيونية، دار صناع الابداع للنشر والتوزيع، رسالة ماجستير في التخطيط الاستراتيجي.
١٠. الحتو، محمد سلمان (٢٠١٢)، مناهج كتابة الأخبار الإعلامية وتحريرها، دار أسامه للنشر والتوزيع، عمان.
١١. الحسين، عبدالله (٢٠١٧)، الصحافة والصحف، مكتبة العرب.
١٢. الدليمي، عبدالرزاق محمد (٢٠١٢)، الخبر في وسائل الإعلام، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
١٣. الرفاعي، محمد خليل (٢٠٢٠)، كتابة واعداد التقارير الاخبارية، جامعة الافتراضية السورية، سوريا.
١٤. الصالحي، احمد خليل (٢٠١٥)، فن الخبر الصحفي ، الطبعة الاولى، دار اسامة للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن.
١٥. عبدالعزيز، مجدي و سديق، رامي عطا (٢٠١٦)، التحرير الصحفي علم ومهارة وفن، الطبعة الثانية، المعهد الدولي العال للإعلام ، القاهرة، مصر.
١٦. عبدالهادي، محمود (٢٠١١)، التخطيط الاستراتيجي للمضمون الاعلامي، استشاري التخطيط الاعلامي الاستراتيجي، ورشة العمل.
١٧. عدلي، عاطف (٢٠٠٨)، ادارة المؤسسات الاعلامية والاسس النظرية والنماذج التطبيقية، دار الفكر العربي، القاهرة.
١٨. ماكومز، ماكس و لانس، هولبرت، الاعلام والراي العام تاثير الاعلام على الحياة المدنية، ترجمة: د. محمد صفوت، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٢.
١٩. محسن، سامى وسعد، محمد عبداللطيف (٢٠٢٠)، اهمية التخطيط الاعلامي، دار الفكر للنشر والتوزيع.
٢٠. المنقارة، سامي (١٩٩٦)، الادارة الفضلى في القطاعين الخاص والعام، مؤسسة بحسون للنشر والتوزيع، بيروت.

٢١.معروف، عبدالقادر صالح (٢٠٠٤)، التخطيط الاعلامي وصعوباته في الدول النامية، الجامعة الاسلامية، كلية الاداب، قسم الاعلام.
٢٢. موسى، صدقي محمد (٢٠٠٩)، اتجاهات طلبة الجامعات الفلسطينية نحو التغطية الاعلامية لقناة فلسطين الفضائية للاحداث الداخلية، جامعة بيرزيت كنموذج، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط، كلية لأداب قسم الاعلام.
٢٣.يوسف، غادة احمد (٢٠١٤)، معوقات التخطيط الاعلامي في السودان في ظل ثورة الاتصال والمعلومات، رسالة ماجستير، جامعة افريقيا العالمية / عمادة الدراسات العليا، السودان.
**٢٤.** عبيد، كمال ، التخطيط الاعلامي، /، السبت/٢٧/ كانون الاول/
https://m.annabaa.org

**پەراوێز:**

(*) **ناوی پسپۆر و شارەزایانی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە:**

١- پ.ی.د. ڕضوان خضر علي / زانکۆی سەلاحەددین
٢- پ.ی.د. بەهات حەسیب قەرەداغی / زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
٣- پ.ی.د. حەبیب ئیبراهیم / پەیمانگای زانستی ڕاگەیاندن – زانکۆی Ruhr - Bochum
٤- پ.ی.د. ڕزگار مغدید احمد / زانکۆی سەلاحەدین
٥- پ.ی.د.حکیم عثمان حمید/ زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی
٦- د. نەوزاد صدیق محمد/زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
٧- پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مصطفی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

## الملخص

## اهمية التخطيط لتغطية الاخبار في القنوات الفضائية الكوردية

## (دراسة ميدانية)

رغم ان وجود التلفزيون الخبري الكوردي ليس بالأمر القديم، الا أن العديد من القنوات الفضائية الإخبارية الكوردية تتواجد في الساحة الإعلامية الان، وتقوم بتغطية الاحداث بشكل يومي، وتنفيذ هذا العمل من الصعوبة بمكان لا سيما اذا لم يكن هناك إعداد وتخطيط مسبق له، فالتخطيط مهم لكي يكون له تأثيره على الواقع وتكون تغطية منتجة، ومسؤولية هذا العمل يقع على عاتق فريق غرفة الاخبار الخاصة بالقنوات الإخبارية، لذلك فان قوة المحطة واهتمامها بالأخبار يكون بقدر اهتمامها بهذه الغرفة وهذا القسم من التلفزيون.

في هذا البحث النظري حاولت الوقوف على دور واهمية وتأثير قسم التخطيط في قناة روداو الفضائية وبيان أهميته في الاعداد المسبق لتغطية الاحداث المتوقعة وكيفية تحليل الاخبار .

الهدف الرئيس من هذا البحث العلمي هو بيان كيفية عمل قسم التخطيط في القنوات الإخبارية، مع شرح كيفية استلام وإصدار فكرة العمل الصحفي الذي تقوم به غرفة الاخبار. كذلك بيان التغيرات التي تطرأ على مسودة المخطط المتفق عليه، بهدف تعزيزه وتقويته، ومن ثم بيان كيفية تقيم تلك الخطة عن طريق الاجتماعات اليومية التي تنظمها غرفة الاخبار، وتوزعها على بقية الأقسام مع ذكر مواعيد تنفيذها، ومع بيان هذه المراحل الثلاث التي تمر بها عملية صنع الاخبار، توقفت عند آراء المراسلين ورؤساء بقية الأقسام ومساعديهم ومديري التحرير في غرفة الاخبار وكذلك مقدمي الاخبار والمترجمين أيضا.

تكمن أهمية هذا البحث في انّه يمثل محاولة اكاديمية لشرح وتحليل العلاقة بين قسم التخطيط في غرفة الاخبار للقنوات الفضائية الإخبارية وتغطيتها للأحداث المتوقعة وصنع الاخبار، فضلا عن بيان آلية العمل اليومي في قسم التخطيط وكيفية استلام فكرة عمل محرر ديسك ومشاركة الاقسام المرتبطة به مثل قسم التقييم والتنفيذ والتحرير، وتظافر الجميع للخروج بخطة العمل المسبقة لتغطية الاحداث المتوقعة، او انتاج الاخبار التي تذاع يوميا ضمن نشرات الاخبار.

الكلمات الدالة: التخطيط الإعلامي، التغطية الإخبارية، القنوات الفضائية.

# Abstract

## The importance of planning news coverage in Kurdish satellite channels (survey study)

It is not long that Kurdish news televisions have come into existence; now that we have many Kurdish news channels, we constantly see coverage of incidents, latest and daily news. It would not have been possible for this work to produce a good and influential coverage and a well-prepared news without previous preparations and planning. These preparations are the daily work of planning section staff in newsroom of satellite channels, so the importance and impact of plan depends on paying attention to this section.

In this theoretical research I have attempted to shed light on the role, importance and effect of planning section of Rudaw satellite channel, in pre-planning for covering latest news, expected events and production of news.

The main purpose of this research is to know the manner and the way work is done by planning section of a news channel, in addition to analyzing the way transfer of ideas of media work is conducted from sections of newsroom to planning section, as well as, the way the draft idea of planning is touched and enriched and later the evaluation of the idea through daily meetings of newsroom and sending them to other sections in line with conducting them in practice.

Along with these three phases, opinion of reporters, head of sections and their assistants, head of newsroom desks, news editors, producers and broadcasters were taken.

The significance of this research lies in the fact that it is an academic move for analyzing and tackling the relations between planning section of a satellite channel newsroom and coverage of latest news, furthermore showing the mechanism of the daily work of plan section for the way it receives ideas of media work of the desks and sections and then their evaluation, set up and composition of the final plan that is prepared in advance for coverage of any expected latest news or event or production of news that is seen daily as a package in news times.


Key words: Media plan, news coverage, satellite channels.